# العوامل الأجتماعية للتسرب من المدارس في حلبجة دراسة تحليلية

بهار انور رحيم
Baharanwar55@gmail.com
أ.م.د. تەلار ئەحمد مصطفى
Talar.mustafa@univsul.edu.iq
قسم علم الأجتماع، كلية العلوم الأنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، العراق.

**الكلمات المفتاحية**: العوامل الأجتماعية, تسرب , المدرسة, مدينة , حلبجة

## كيفية اقتباس البحث

رحيم , بهار انور , تەلار ئەحمد مصطفى , العوامل الأجتماعية للتسرب من المدارس في حلبجة دراسة تحليلية ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:١٠
.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# العوامل الأجتماعية للتسرب من المدارس في حلبجة دراسة تحليلية

# The social factors of school dropout in Halabja, an analytical study

**Bahar Anwar Rahim**
**Baharanwar55@gmail.com**
**D. Telar Ahmad Mustafa**
**Talar.mustafa@univsul.edu.iq**
**Department of Sociology, College of Humanities, Sulaymaniyah University, Sulaymaniyah, Iraq.**

**Keywords** : Social Affairs, Taserb , School, City , Halbja

**How To Cite This Article**
Rahim , Bahar Anwar , Telar Ahmad Mustafa , The social factors of school dropout in Halabja, an analytical study ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**الملخص :**

في يومنا هذا، شهدت العملية التعليمية تحولات كبيرة من حيث طرق التدريس، وتوافر الموارد، وتأثير التكنولوجيا. وإلى جانب هذه التغيرات، زادت ظاهرة التسرب المدرسي بشكل ملحوظ. وإقليم كردستان ليس ببعيدعن هذه المشكلة؛ خاصة في السنوات الأخيرة، حيث أدت الأزمات المالية ونقص فرص العمل بعد التخرج إلى تفاقم هذه الظاهرة بشكل أكبر، مما أدى إلى انتشار حالة من اليأس بين الكثير من الطلاب بشأن مستقبلهم التعليمي. ولم تكن مدينة حلبجة، باعتبارها إحدى محافظات إقليم كردستان، بمنأى عن هذا الاتجاه. يحاول هذا البحث التعمق في الأسباب الاجتماعية للتسرب المدرسي في هذه المدينة. وتتبلور مشكلة البحث الرئيسية في السؤال التالي: ما هي الأسباب الاجتماعية للتسرب من المدرسة؟ ويهدف البحث إلى تحديد وتحليل العوامل التي تؤثر على قرارات الطلاب بترك المدرسة. وتكمن أهمية هذه الدراسة في الكشف عن الأبعاد الاجتماعية والثقافية الكامنة التي قد تبدو غير واضحة في البداية ولكنها تلعب دوراً رئيسياً في انخفاض أعداد الطلاب عبر المراحل التعليمية. من الناحية المنهجية، تعتمد الدراسة على المنهج النوعي باستخدام الأسلوب الوصفي التحليلي لضمان تحقيق استقصاء دقيق وموضوعي. ويتكون مجتمع البحث من المدارس الإعدادية في مدينة حلبجة الشهيدة، بينما تتكون عينة البحث من الطلاب الذين تسربوا خلال مرحلة الدراسة الإعدادية، وقد تم اختيار العينة باستخدام طريقة العينة التراكمية (كرة الثلج). تشير أبرز نتائج البحث إلى أن يأس الطلاب من العملية التعليمية - ولا سيما انعدام فرص التعيين والعمل في القطاعين العام والخاص بسبب الأزمات الاقتصادية المستمرة التي يعاني منها إقليم كردستان - يمثل عاملاً رئيسياً

مساهماً في هذه الظاهرة. هذا الوضع جعل التعليم لا يمثل أي ضمانة للحصول على فرص عمل في المستقبل. علاوة على ذلك، تساهم المشاكل الأسرية، وتحديداً طلاق الوالدين أو وفاة أحدهما، في التسرب المدرسي؛ فعلى سبيل المثال، عند وفاة الأب، غالباً ما يتحمل الابن المسؤولية الاقتصادية للأسرة، في حين أن وفاة الأم عادة ما تلقي بعبء رعاية الإخوة والأخوات على عاتق الابنة.

**Abstract**

Today, the educational process has undergone significant transformations in terms of teaching methods, resource availability, and the integration of technology. Alongside these changes, the phenomenon of school dropout has increased considerably. The Kurdistan Region is not exempt from this issue; especially in recent years, financial crises and the lack of post-graduation job opportunities have further exacerbated the phenomenon, leading to widespread despair among students regarding their educational future. The city of Halabja, as a governorate in the Kurdistan Region, has also been significantly affected by this trend.This research attempts to delve into the social causes of school dropout in this city. The primary research problem is formulated as follows: What are the social causes of dropping out of school? The objective of the study is to identify and analyze the factors influencing students' decisions to leave school. The significance of this research lies in uncovering the underlying social and cultural dimensions that may initially seem invisible but play a major role in the declining number of students across educational stages.Methodologically, the study adopts a qualitative approach utilizing a descriptive-analytical method to ensure an accurate and objective investigation. The research population consists of high schools in the city of Halabja, while the sample comprises students who dropped out during the high school stage, selected via the snowball sampling technique.The most significant findings indicate that students' despair regarding the educational process—particularly the lack of employment opportunities in both public and private sectors due to the ongoing economic crises in the Kurdistan Region—is a major contributing factor. Consequently, education no longer guarantees future employment. Furthermore, family issues, notably parental divorce or the death of a parent, significantly contribute to school dropout. For instance, upon the death of a father, the son often assumes the family's economic responsibilities, whereas the death of a mother typically places the burden of caring for siblings on the daughter.

# هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وازهێنان لە خوێندن لەشاری هەڵەبجە
## توێژینەوەیەکی شیکارییە

بهار انور رحيم
پرۆفیسۆر  یاریدەدەری دکتور تەلار ئەحمەد مصطفى
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق.

**پوختە:**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەشێوەیەکی بەرچاو پرۆسەی پەروەردە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، لەڕووی میتۆدی وانە وتنەوە و بوونی سەرچاوەی بەردەست و کاریگەری تەکنەلۆجیا بۆ تەواوکردنی خوێندن لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا دیاردەی وازهێنان لەخوێندن بەرێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، هەرێمی کوردستان لەو دیاردەیە بەدەر نییە، بەتایبەت لەم ساڵانەی ڕابردوودا کە قەیرانی دارایی و نەبوونی هەلی کار بۆ دوای تەواوکردنی خوێندن هێندەی تر ئەم دیاردەیەی زیادکردووە بە هۆی بێ ئومێدبوونی زۆرێك لە خوێندکاران لە ئایندەی خوێندنیان، شاری هەڵەبجەش وەك پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان بێبەش نەبووە لەو دیاردەیە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات قوڵ ببێتەوە لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وازهێنان لە خوێندن لەم شارەدا،کێشەی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وازهێنان لە خوێندن چیە؟ ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە ناسینەوە و شیکارکردنی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر بڕیاری خوێندکاران هەیە بۆ وازهێنان لە خوێندن، گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە کە یارمەتیدەر دەبێت لەدەرخستنی ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی کەڕەنگە لەسەرەتادا نادیار بن بەڵام ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە کەمبوونەوەی ژمارەی خوێندکاران لە قۆناغەکانی خوێندندا، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەی جۆری چۆنایەتی و میتۆدی وەسفی شیکاری بەکاردەهێنرێت بۆ توێژینەوەیەکی وردو بابەتیانە، هەروەها کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتییە لەخوێندنگە ئامادەییەکانی شاری هەڵەبجەی شەهید، نمونەی توێژینەوەکەمان بریتییە لەو خوێندکارانەی کەلە قۆناغی ئامادەیی وازیان لە خوێندن هێناوە و شێوازی نمونە وەرگرتنەکەشمان بریتییە لە تۆپەڵەبەفر، لە گرنگترین دەرئەنجامە توێژینەوەکەش بریتین لە بێ ئومێدبوونی خوێندکار لە پرۆسەی خوێندن ، بەتایبەت نەبوونی دەرفەتی دامەزراندن و هەلی کار لە کەرتی تایبەتی و حکومی بەهۆی ئەو قەیرانە ئابورییانەی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە. ئەم دۆخە وایکردووە خوێندن هیچ گرەنتییەکی  نەبێت بۆ بوون بە خاوەن هەلی کار لەداهاتوودا. کێشە خێزانییەکان دەبنە هۆی وازهێنان لەخوێندن بەتایبەتی جیابوونەوەی دایکوباوك و یان مردنی یەکێکیان، واتە کاتێك باوك دەمرێت کوڕ بەرپرسیارێتی ئابوری دەکەوێتە ئەستۆ   یان کاتێك دایك دەمرێت کچ بەرپرسیارێتی بەخێوکردنی خوشکو براکانی دەکەوێتە ئەستۆ.

**پێشەکی:**

خوێندنگە شوێنی بونیادنانی کەسایەتی مرۆڤ و دامەزراوەیەکی پەروەردەیی فەرمییە، بۆیە بە پرۆسەی پەروەردەو گواستنەوەی کولتوورو پێشکەوتن و دابینکردنی هەل و مەرجی گونجاو بۆ گەشەکردنی جەستەیی و ژیری و سۆزداری و کۆمەڵایەتی دادەنرێت ، خوێندنگە بەرپرسیارە لەپێگەیاندنی کۆمەڵایەتی خوێندکاران و گرنگترین دامەزراوەیە، ئەم دامەزراوەیە نەك تەنها زانست و کارامەییە مەعریفیەکان دەگوازێتەوە، بەڵکو بەشدارییەکی کارا دەکات لە دروستکردنی کەسایەتی و چەسپاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئامادەکردنی هێزی کاری لێهاتوویی بۆ پێشخستنی ئابوری وڵات، سەرەڕای گرنگی ئەم دامەزراوەیە سیستمە پەروەردەییەکان لەجیهان و بەتایبەتی لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو ڕوبەڕوی ئاستەنگێکی گەورە دەبنەوە کە خۆی لە دیاردەی وازهێنان لە خوێندن یان دابڕانی پێشوەختە لەخوێندنگەدا دەبینێتەوە   دیاردەی وازهێنان لە خوێندن دیاردەیەکی نوێ نییە کە پەروەردەو فێربوون



مجلة مركز بابل للدراسات الأنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

وخوێندنگاکان بەدەستییەوە دەناڵێنن و سنوردار نییە بەڕەگەزێك یان چینێكی كۆمەڵایەتی یان ناوچەیەك یان وڵاتێك یان قۆناغێكی پەروەردەیی، ئەم دیاردەیە بەشێوەیەكی ترسناك لەنێو هەموو بازنەكانی خوێندكاران و لەئاستە جیاوازەكانی پەروەردەییدا بەربڵاوە، وەك پەتایەكی پەروەردەیی وایە كە تاك و كۆمەڵگە لەناودەبات بێ گوێدانە بازنە و گروپەكانی.(نصرالله، ٢٠١٠، ص. ٤٧٦).

**ڕەگەزە سەرەكییەكانی توێژینەوە:**

**١- كێشەی توێژینەوە:**

هەنگاوی سەرەكی هەر توێژینەوەیەكی سوسیۆلۆجی بەدیاریكردنی كێشەیەك دەستپێدەكات وەكێشەی هەرتوێژینەوەیەك بەردەوام ئاماژەیە بۆ بوونی پرسیارێك كەلەهزرو بیری توێژەردا سەرهەڵدەدات و بەدوای وەڵامێكی زانستیدا دەگەڕێت ئەم پرسیارەش زۆرجار لەڕێگەی تێبینی كردنی ڕۆژانە و ئەنجامی بوونی كۆمەڵێك پرسیار كەلە كۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدات، بۆیە پرسیاری سەرەكی ئەم توێژینەوە بریتییەلە **(هۆكارە كۆمەڵایەتییەكانی وازهێنان لەخوێندن لەشاری هەڵەبجە چییە؟)** لەگەڵ هەندێك لقە پرسی دیكەی وەك:

١-١ چۆن هۆكارە پەروەردەییەكان دەبنەهۆی وازهێنان لەخوێندن ؟

١- ٢ ئایا هۆكارە ئابورییەكان چۆن دەبنەهۆی وازهێنان لە خوێندن ؟

**٢- گرنگی توێژینەوە:**

پێویستە توێژینەوەكان بەپێی گۆڕانكارییە بەردەوامەكان هەنگاو هەڵگرێت و ببێتە زیادكردنێكی زانستی نوێ و پاشخان و سەرچاوەیەكی بەسود بۆ تاك و كۆمەڵگە، بۆ ئەوەی ڕۆڵێكی كارای هەبێت لە چارەسەركردنی كێشەكانی كۆمەڵگە پێویستی بەئاستێكی مەعریفی قوڵ هەیە سەبارەت بەو هەلومەرجە كۆمەڵایەتی و پەروەدەیی و ئابوری و كولتووری و سیاسییانەی كەلەناو كۆمەڵگەدا هەیە، هەر توێژینەوەیەكی زانستی بەپێی بابەتی توێژینەوەكە گرنگی خۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت هاوكار بێت بۆ ڕێنماییكاری پەروەردەیی خوێندنگەكان و خێزانی خوێندكارو وەزارەتی پەروەردە بەگشتی و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجە بەتایبەتی بۆ ڕێگریكردن و كەمكردنەوەی وازهێنانی خوێندكار لە خوێندن.

**٣- ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

٣-١ دەرخستنی هۆكارە كۆمەڵایەتییەكانی وازهێنان لە خوێندن.

٣-٢ زانینی كاریگەری هۆكارە پەروەردەییەكان لەسەر دیاردەی وازهێنان لە خوێندن.

٣-٣ دەرخستنی بارودۆخە ئابورییەكان بۆ وازهێنان لەخوێندن.

**بوارەكانی توێژینەوە:**

**بواری مرۆیی:** ئەم توێژینەوەیە لەسەر نمونەیەك لەو خوێندكارانەی كە وازیان لەخوێندن هێناوە لەقۆناغی ئامادەیی لەهەردوو ڕەگەزی نێرومێ كە ژمارەیان (٧) لێتوێژراوە، (٤) لێتوێژراو لەڕەگەزی نێرە و (٣) لێتوێژراویان لەڕەگەزی مێیە، هەروەها (٢) لەلێتوێژراوان لە پۆلی (١٠) و (٢) لەلێتوێژراوان لەپۆلی (١١) و (٣)لەلێتوێژراوان لەپۆلی دوانزە وازیان لەخوێندن هێناوە لەناوەندی شاری هەڵەبجە.

**بواری شوێنی:** ئەم توێژینەوەیە لەناوەندی شاری هەڵەبجە.

**بواری كاتی:** كاتی ئەنجامدانی كارە مەیدانییەكانی توێژینەوەكەو كاتی چاوپێكەوتن دەگرێتەوە، بۆیە توێژینەوەكەمان لە (٢٠-٧-٢٠٢٥ بۆ ٢٤-١٢-٢٠٢٥)، كاتی ئەو ماوە زەمەنییەیە كە پێویست بوو بۆ ئەنجامدانی كارە مەیدانییەكانی توێژینەوە.

**ڕێكارییەكانی توێژینەوەكە:**

**یەکەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوە:**

مەبەست لەمیتۆدی توێژینەوەی زانستی بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێساو سیستمی گشتی کەدادەڕێژرێت لەپێناو گەیشتن بە ڕاستییەکان لەبارەی دیاردەیەك کە جێگەی گرنگی توێژەرانە لەبوارە جیاجیاکانی مرۆییەوە. (باداوەیی، مجید، ٢٠١١: ل. ٤٩).

میتۆدی وەسفی دیارترین ڕێبازی توێژینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانە، بەتایبەتیش لە بواری پەروەردەو دەرونزانی و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا، بەرفراوانترین میتۆدە، تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر دیاردەو ڕووداوەکانی ئێستا دەکەنەوە، واتە هەر دیاردەیەك کەلەئێستای ژیانی تاك و گروپ و کۆمەڵگەدا بوونی هەبێت و لەئارادابێت، بەو ئامانجەی دیاریيان بکات و لایەنەکانی بدۆزێتەوە و پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکان و دیاردەکان بخاتەڕوو(بۆکانی، ٢٠١٦: ل. ٨٢)، بۆیە دەتوانین بڵێین میتۆدی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی جۆرێتییەوە بریتییە لە چۆنێتی، وەسفی شیکاری لەبەرئەوەی گونجاوترین ڕێبازە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە,

**دووەم: کۆمەڵگەونمونەی توێژینەوە:**

**١-کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

سەرجەم ئەو تاکانە دەگرێتەوە کەلەخەسڵەتێکی تێبینیکراودا هاوبەشن لەتوێژینەوەی زانستیدا، تاکە پێوەرێك بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە بوونی خەسڵەتێکی هاوبەش لەنێوان تاکەکانیدا کە شایەنی تێبینیکردن بێت (بۆکانی، ٢٠١٦: ل. ١٢٥). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لەو خوێندکارانەی کەلە قۆناغی ئامادەیی وازیان لە خوێندن هێناوە لەناوەندی شاری هەڵەبجەی شەهید.

**٢- نمونەی توێژینەوە:**

بەشێکە لەو کۆمەڵگەیەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت، لەلایەن توێژەرەوە هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامبدات، دەبێت توێژەر لەهەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەدا پەیڕەوی چەندین یاساو ڕێسایەکی دیاریکراو بکات، توێژەر بەر لە هەڵبژاردنی نمونەکە دەبێت زانیاری لەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەوە هەبێت (العزاوي, ٢٠٠٨: ص.١٦٣) نمونەی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لەجۆری نمونەی تۆپەڵەبەفر، لەبەرئەوەی لەڕێگەی دۆزینەوەی لێتوێژراوان بەیارمەتی لێتوێژراوانی تر نمونەمان وەرگرتووە، هەربەم ڕێگەیەش چاوپێکەوتنمان لەگەڵ حەوت(٧) لێتوێژراو کەلەقۆناغی ئامادەیی وازیان لە خوێندن هێناوە ئەنجامداوە لە ناوەندی شاری هەڵەبجە، چاوپێکەوتنەکانمان لە ماڵی لێتوێژراوان ئەنجامداوە لەڕێگەی تۆمارکردنی دەنگی و بەڕەزامەندی لێتوێژراوان تۆمارکراوەو دواتر خراونەتە سەر چوارچێوەی تێکست و نوسراونەتەوە.

**سێیەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر فۆرمی چاوپێکەوتنی نیمچەڕێکخراوی بەکار هێناوە، یەکێکە لەباشترین ئامرازەکانی توێژینەوەی چۆنێتی چونکە ڕێگەیەك دەکاتەوە بۆ تێگەیشتنێکی مانادار و گفتوگۆیەکی ڕاستەقینە کە تیایدا مرۆڤ ئازادە بیروڕاکانی خۆی دەربڕێت لەچوارچێوەی پرسیارەکاندا کەتوێژەر ئامادەی کردووەو لێتوێژراو دەتوانێت ئاراستەی پرسیارەکان بگۆڕێت و پرسیاری نوێ زیادبکات، ئەمەش جیاوازی سەرەکییە لەگەڵ چاوپێکەوتنی ڕێکخراودا کە تیایدا هەموو پرسیارەکان دیاریکراون و گۆڕانکاری تێدا ناکرێت، هەروەها کاتەکانی چاوپێکەوتنی لێتوێژراوان لەنێوان (٤٥بۆ ٦٠) خولەك بووە.

**چەمك و زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

**هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:** هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لەسەر دیاردەی وازهێنان لەخوێندن، بەو پێیەی ژینگەی کۆمەڵایەتی دەروبەری خوێندکار یەکێکە لەگرنگترین هۆکارەکانی بەردەوامبوونی لەپرۆسەی خوێندن یان دابڕان لێی، ڕەنگە هەژاری و بێکاری و کەمی داهاتی خێزانەکان و کێشە خێزانییەکان خوێندکاران ناچاربکەن خوێندنگە بەجێبهێڵن، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی هۆشیاری سەبارەت بەگرنگی پەروەردە لەناو هەندێك خێزاندا، بەتایبەتی لەناوچە گوندنشینەکان یان ناوچە

پەراوێزخراوەکان بەشدارە لە کەمبوونەوەی ئەو پشتگیری و پاڵنەرەی کە خوێندکاران پێویستیانە بۆ بەردەوامبوون لەخوێندن. (کریم، ٢٠٢٥: ص.٩٧)

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بەوازهێنان لەڕێگەی هەندێك داب و نەریتەوە سەرهەڵدەدەن کە هەڵوێستی هەڵە بەرانبەر خویندن و فێربوون دەنوێنن، بەتایبەتی پەیوەندییە خێزانییەکان، نەبوونی هەمەهانگی ئەندامانی خێزان، بەردەوامی شەڕی نێوان دایك و باوك، هەروەها ئەو توندوتیژییەی هەندێك لە دایکان و باوکان بەرانبەر بە منداڵەکانیان بەکاریدەهێنن، هەموو ئەمانە دەبنەهۆی ئەوەی خوێندکار ڕقی لەخوێندنگە بێت و جێی بهێڵێت.(بالطاهر و غرغوط، ٢٠١٨: ص. ٢٨٠).

**وازهێنان لە خوێندن(التسرب المدرسي) ( School Dropout):** زۆربەی ئەو خویندکارانەی لە قۆناغە جیاجیاکاندا واز لە خویندن دەهێنن، کێشەی ڕەفتار، ئەکادیمی، پەروەردەیی و مەعریفیان هەیە، واتە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا لەڕیزی ئەو پۆلەن کە دەسکەوتی خویندنیان کەمە، بەو پێیەی زۆر ئامادە نەبوونلەخوێندنگە.(نصرالله، ٢٠١٠: ص. ٤٧٦).

دابڕانی خوێندکارە لە خوێندنگە بەهەر هۆکارێکی ئابوری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، یان هەر هۆکارێکی تر پێش کۆتایی ساڵی ئەو قۆناغە ئەکادیمییەی کە خوێندکار ناوی تۆمارکراوە.(قحوان، ٢٠١٠: ص. ٢٨).

**ڕێککاری وازهێنان لەخوێندن:** پچڕانی خوێندنی خوێندکارە لەخوێندن بەهەر هۆکارێك بێت لەهۆکارە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و جەستەیی و عەقڵیی و دەروونییەکان، ئەم هۆکارانەش وای لێبکات نەتوانێت بگات بە ئامانجە زانستی و ئەکادیمییەکەی.

**شاری هەڵەبجە:** هەڵەبجە بەهۆی ئەو جێگا ستراتیژی و جوگرافیایەی کەهەیەتی بەسنوری ئێرانەوە شارێکی بازرگانی بووە هەر لە کۆنەوە، ئەم شارە (٧٤)کم دوورە لەسلێمانییەوە، دواین پارێزگای هەرێمی کوردستانە و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کراوە بەپارێزگا، دواجار حکومەتی عێراقیش دانی نا بە پارێزگابونیدا، یەکێکە لەشارە بەرچاوەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتمەندییەکانی جوگرافی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەناسرێت. (کەوە، ٢٠٠٨: ل. ٦٢).

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

**یەکەم: توێژینەوەی (سعید محمد امین سعید)، هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن و پەیوەندی بەجۆری کۆمەڵایەتییەوە،٢٠٢٠، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر.**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١- زانینی کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان لەسە.ر وازهێنانی خوێندکارانی قۆناغی بنەڕەتی لەخوێندن.

٢- زانینی ڕادەی کاریگەری هۆکارە ئابورییەکان لەسەر وازهێنانی خوێندکارانی قۆناغی بنەرەتی لەخوێندن.

٣- زانینی کاریگەری جۆری کۆمەڵایەتی وەك پێدراوێکی کۆمەڵایەتی وکلتووری لەسەر وازهێنانی خوێندکارانی قۆناغی بنەرەتی لە خوێندن.

میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە میتۆدی ئاوێتە ( mixed method) بەشێوازی میتۆدی سێکوچکەیی ( Triangulation Method)بەکارهاتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی شاری هەولێرە و ژمارەیان بریتییە لە (٢٠٣)توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی کەبەسەر خوێندنگە بنەڕەتییەکانی(کچان-کوڕان و تێکەڵاو)ی شاری هەولێر دابەشبوون، نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (١٨٨) توێژەر، جۆری ئەو نمونەیەی کە توێژەر بەکاریهێناوە بریتییە لە ئەو ئامرازانەی کەتوێژەر لەتوێژینەوەکەیدا بەکاریهێناوە بریتییە لە (داتاکانی وەزارەتی پەروەردە- چاوپێکەوتنی نارێکخراو- پێوەر).

دەرئەنجامەکانیش بەم شێوەیە بوو:

١- گرفته خێزانییەکان رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەوازهێنانی خوێندکاران لەخوێندن بەتایبەتی جیابوونەوەو هەڵوەشاندنەوەی خێزان، کەچاودێری و بەدواداچوونیش کەم دەبێتەوە باری دەروونی خوێندکاران بەجۆرێك دەشێوێت حەزی بەتێکەڵاوی و خوێندن لەدەست دەدات.

٢- ژینگەی خوێندنگەو بارودۆخی خوێندن و پرۆگرامەکانی خوێندن هۆکارێکی بەهێزە لەوازهێنانی خوێندکاران لەقۆناغی بنەڕەتی لەشاری هولێر.

٣- بەهۆی کەمبوونەوەی دامەزراندن لەکەرتی حکومی و لاوازی دەرفەتی کار لەکەرتی تایبەت، بەشێکی زۆری خوێندکاران و خێزانەکانیانی نائومێد کردووە لەدرێژەدان بەخوێندن، بۆیە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر وازهێنان لەخوێندن.

٤- نزمی ئاستی خوێندەواری و نەبوونی بروانامە لەناو خێزاندا، بەتایبەتی دایکوباوکی خویندکار رۆڵێکی زۆری هەیە لەوەی لەداهاتوودا لەقۆناغەکانی دوای بازنەی یەکەمی خوێندن واتە دوای پۆلی شەشەم منداڵەکانیان واز لەخوێندن بهێنن.

٥- بەهۆی هەر گۆڕانکارییەکی ئابوری و سیاسی وازهێنان لە خوێندن گۆڕانی بەسەردا دێت، لەگەڵ باشبوونی دۆخەکان رێژەکە کەم دەبێتەوەو لەگەڵ تێکچوونی باری سیاسی و ئاسایش و ئابوری رێژەی وازهێنان لەخوێندن زیاد دەکات.

**دووەم: توێژینەوەی (عبلاوي ذهبية و بن حمدو لامية), ٢٠١٩-٢٠٢٠, العوامل السوسيواقتصادية المؤثرة في التسرب المدرسي لتلاميذ المرحلة المتوسط, دراسة ميدانية لعينة من المتسربين بولاية ادرار.**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانین و دەستنیشانکردنی یەکێك لەدیارترین کێشە باوەکانی ئێستا ئەویش دیاردەی وازهێنانە لەخوێندن کە منداڵانی جەزائر بەدەستییەوە دەناڵێنن بەهۆی کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییە ئابورییەکان، میتۆدی توێژینەوەکەی بریتییە لەمیتۆدی وەصفی شیکاری بۆ ئەوەی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەیدا بگونجێت، کۆمەڵگە تویژینەوەکەمان لە سێ گەرەك لە پارێزگای ادرار، جۆری نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە تۆپەڵەبەفر، ژمارەی ئەوانەی وەك نمونە وەرگیراون ژمارەیان (٦٠) کەسە و بەلام (٥٠) یان گەڕاوەتەوە، ڕەگەزی نێر (٣٠) و ڕەگەزی مێ (٢٠). ئەو ئامرازانەی کە لەتوێژینەوەکەدا بەکارهاتووە بریتییە لە پرسیارنامە و چاوپێکەوتن.

توێژینەوەکە گەیشتە ئەم دەرئەنجامانە:

١-هەڵوەشاندنەوەی خێزان یان مردنی یەکێك لەباوك و دایك کاریگەری هەیە لەسەر خوێندکار بۆ وازهێنان لە خوێندن.

٢- توندوتیژی خێزان بەرانبەر بە خوێندکار کاتێك کە نمرەی کەم بەدەستدەهێنن هۆکارە بۆ وازهێنان لەخوێندن.

٣- هۆکارە ئابورییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر رێژەی وازهێنان لە خوێندن.

**گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو:** خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو (کوردی و عەرەبی) کەتا ڕادەیەك نزیك و هاوشێوەن لە توێژینەوەکەمانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆمەڵگەی وڵاتانی جیاواز ئەنجامدراون، لێرەدا ئاماژە بەخاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان دەکەین:

١-لەڕووی ئامانجەوە: هەردوو توێژینەوەکە زۆر نزیکن لەتوێژینەوەکەمانەوە و یان تاڕادەیەك هەمان ئامانجیان هەیە.

٢- لەڕووی میتۆدەوە: توێژینەوەکەی (سعد, محمد أمين سعد) میتۆدی ئاوێتەی بەکارهێناوە، بەڵام ئێمە تەنها میتۆدی وەسفی شیکاریمان بەکارهێناوە کەئەمەش خاڵێکی جیاوازی توێژینەوەکەمانە، هەروەها توێژینەوەی (عبلاوي, ذهبية و بن حمدو لامية) میتۆدی وەسقی شیکاری بەکارهێناوە ئەمەش خاڵێکی هاوبەشی نێوان توێژینەوەکەمانە.

٣- لەڕوی جۆرو قەبارەی نمونەوە: جیاوازی نێوان توێژینەوەکەمان لەگەڵ یەکێك لە توێژینەوەکەدا ئەوەیە کە جۆری نمونەکەی هەڕەمەکی چینایەتییە، بەڵام توێژینەوەکەی دیکە هەمان نمونەکەی ئێمەی بەکارهێناوە کە تۆپەڵەبەفرە.

٤- لەڕووی ئەنجامەوە: هەر دوو توێژینەوەکە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە گرفتە خێزانییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لەسەر وازهێنانی خوێندکار لە خوێندن. ئەمەش هەمان ئەنجامی توێژینەوەکەی ئێمەیە کەباس لەکاریگەری گرفتەخێزانییەکان دەکات لەسەر پرۆسەی پەروەردە و وازهێنانی خوێندکار لەخوێندن، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پێگەی خێزان لەهەرکۆمەڵگەیەکدا بێت کاریگەری هەیە لەسەر کەسێتی خوێندکارو ئەنجامە ئەکادیمییەکانی، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی خێزان و مردنی دایك یان باوك هۆکارێکی کاریگەرە لەسەر وازهێنان لەخوێندن، ئەمەش هەمان ئەنجامی توێژینەوەکەی ئێمەیە کەباس لە کێشە خێزانییەکان دەکات، یەکێکی دیکە لەئەنجامەکانی توێژینەوەکەی پێشوو کە (سعد, محمد أمين سعد)ە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ژینگەی خوێندنگە و هەڵسوکەوتی مامۆستا بەرانبەر خوێندکار کاریگەری زۆری هەیە لەسەر وازهێنانی خوێندکار لە خوێندن، ئەمەش لەگەڵ یەکێك لەئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئێمە وەك یەکە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کەشێواز و مامەڵەی نەرێنی مامۆستا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەسەر وازهێنانی خوێندکار لەخوێندن، هەروەها جیاواز لەئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (عبلاوي, ذهبية, بن حمدو لامية) تەنها تیشکی خستوەتە سەر لایەنی کێشەی خێزانی و هۆکارە ئابورییەکان، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە جەختی لەسەر هۆکارە پەروەردەیی و ژینگەییەکانی خوێندنگە کردووەتەوە، ئەمەش خاڵی جیاوازی توێژینەوەکەی ئێمەیە، خاڵێکی دیکەی ئەنجامەکان هەردوو توێژینەوەکەی پێشوو لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی ئێمە گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە بارودۆخی دارایی و ئابوری خێزان و کۆمەڵگە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر وازهێنان لەخوێندن.

**هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وازهێنان لە خویندن:**

**١-هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:**

مەبەست لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ئەوانەن لەدەوروبەری تاکدا هەن هەر لەخزم و کەسوکار تادەگاتە هاوڕێ و هاوپۆلەکانی لەخوێندنگە، ئەگەر هاتوو دەوروبەر ئاستێکی هزری و کۆمەڵایەتی باشیان هەبوو ئەوا یارمەتی خوێندکار دەدات لەفێربوونی شارەزایی ڕۆشنبیری و نەریتی باش لێیانەوە ئەمە بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، بەو پێیەی ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابوری تاکەکان جیاوازن لەڕووی ژیان و ڕێگەی بەکۆمەڵایەتیبوون و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەرهاویشتەکانی ژیان، بەهاو چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لەمیانەی کارلێککردنیان لەگەڵ خێزان و دەوروبەریانەوە وەردەگرن، پاڵنەری دەستکەوتیش شتێکی وەرگیراوە و لەڕێگەی بەها باوەکانی کۆمەڵگەوە وەریدەگرێت، هەروەها ناکۆکی لەنێو خێزاندا دەبێتە مایەی بێهێز کردنی ئارەزووی منداڵ لەخوێندن و خوێندنگەو توشی خەمۆکی و دڵتەنگی دەکات، ئەمەش ئارەزووی خوێندکار لەخوێندن و کۆششکردن کەمدەکاتەوە و دەبێتەهۆکارێك بۆ واهێنان لەخوێندن. (ربيع، الغول، ٢٠١٢: ص. ٣١-١٣٦).

**٢-هۆکارە ئابورییەکان:**

لەزۆر باردا دۆخی ئابوری هۆکارێکی ڕاستەوخۆیە کاتێك خوێندکارێك لەخوێندنگە ئامادە نەبوو، بەمەبەستی یارمەتیدانی باوك لەکارکردن بۆ زیادکردنی داهاتی دارایی تابتوانێت ئەرکەکانی خێزانەکەی جێبەجێ بکات، لە ئەگەری مردنی باوك یان نەخۆشی سەختی درێژخایەن، جێبەجێکردنی ئەرکی خێزانییەکە دەکەوێتە ئەستۆی خوێندکارەکە ئەمەش ناچاریدەکات واز لەخوێندن بهێنێت.(نصرالله، ٢٠١٠: ص. ٤٨٣).

بارودۆخی ئابوری باوی خێزان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە کاریگەری لەسەر ژیانی ئەکادیمی منداڵ هەیە, نزمی ئاستی ژیانی دایک و باوکان لە هەندێک ناوچەدا بەتایبەت لەناوچەی گوندنشین و کۆچەرییە بەدەوییەکان، لەئەنجامدا بێتوانایی باوک لە دابینکردنی خەرجی و تێچووی خوێندن بۆ

خوێندکار واله خوێندکار دەکات واز لە پراکتیزەکردنی خوێندن بهێنن، تێبینی ئەوە دەکەین کە هەندێک خێزان بۆ زیادکردنی داهات و باشترکردنی ئاستی بژێوی ژیانیان منداڵەکانیان سەرقاڵ دەکەن بەکارکردن، هەندێك لە خێزانەکان منداڵەکانیان بەسەرچاوەی داهات دەزانن، لەمانەی سەرەوە ڕوونە کە بارودۆخی ئابووری بەشدارییەکی گەورەی هەیە لە دیاردەی وازهێنان لە خوێندن.(ذهبية, ٢٠٢٠: ص. ٣٦-٣٧).

هەروەها فاکتەری ئابوری بەشدارییەکی گەورەی هەیە لەگەشەکردن و تەواکاری کەسایەتی تاکدا، دۆخی خراپ و سەختی ئابوری، هەژاری، نەبوونی، بێ بەشی، کێشەی ئابوری و نەبوونی ئاسایشی ئابوری، کاریگەری لەسەر یەکگرتوویی و تەواوکاری وسەقامگیری خێزان و منداڵەکان هەیە، دۆخی خراپی ئابوری وادەکات کە خوێندکار حەزی بۆ خوێندن نەمێنێت، ئەمەش وادەکات ئاستی دەستکەوتی ئەکادیمیان نزم بێت و سەربکێشێت بۆ وازهێنان لەخوێندن. بەپێچەوانەی ئەو خێزانانەی کە ئاستی ئابوریيان باشەو زۆربەی پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ دابین دەکەن و ئەمەش دەبێتەهۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ئەکادیمییان.(الفاخري, ٢٠١٨: ص. ١٩).

زۆرجار هۆکارە ئابورییەکان لەڕیزی ئەو هۆکارە گرنگانە دادەنرێن کە کاریگەریان لەسەر ژیانی خێزان هەیە بەتایبەت ئەوانەی کەبەدەست هەژاری و بێ بەشییەوە دەناڵێنن، کێشەکان زۆرن و کەمی ئاسایشی تێدایە، دۆخی سەختی ئابوری ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەبڵاوبوونەوەی توندوتیژی لەناو خێزاندا چونکە بێ بەشی ئابوری و خراپی بارودۆخی کارکردن و فشارە کۆمەڵایەتییەکانی دەرئەنجامی ئەمەش دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی چەندین دەرکەوتنی توندوتیژی لەناو خێزاندا. توندوتیژی خێزانی زیاتر لەنێو ئەو خێزانانەدا کەلەدۆخێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی نزمدا دەژین، بەڵام ئەم دەرئەنجامە بەو مانایە نییە کە توندوتیژی خێزانی تەنها لە خێزانەکانی نێو چینەکانی خوارەوە سەرەوە سنوردارە چونکە لەنێو خێزانە دەوڵەمەندەکانیشدا هەیە بەڵام بەپلەی کەمتر. (کريم, ٢٠٠٨: ل. ١٣٩).

**٣-هۆکارە خێزانییەکان:**

هۆکاری خێزان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە هاتنە ئارای حاڵەتی دواکەوتن لە خوێندن، چونکە فەراهەمنەبوونی کەشێکی خێزانی گونجاو بۆ گەشەکردنی تواناو لێهاتوویی خوێندکار دەبێتەهۆی شڵەژانی دەروونی خوێندکارو کەمکردنەوەی تواناکانی لەبارەی ئەو بەدواداچوونە زانستیانەی کە داواکراوە، لەبەرئەوەی خوێندکار زۆر کاریگەر دەبێت بەو دۆخە کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابوری و سۆزدارییانەی کە خێزان بۆ ساز دەکات، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر پاڵنەری خوێندکار بۆ خوێندن و ئارەزووکردنی بۆ فێربوون، بۆیە سەرنجی ئەوە دەدەین زۆربەی ئەو خوێندکارانەی کە دواکەوتوون لەخوێندن سەربە خێزانە هەژارو نەخوێندەوارو کەمبایەخەکانن چونکە ئەوە لەسروشتی فەزای ناو خێزان ڕەنگدەداتەوە. (ربيع, ٢٠١٢: ل. ٢٠).

نزمی ئاستی کلتوری ونەبوونی هۆشیاری خێزان، دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار بەردەوام نەبێت لە چوون بۆ خوێندنگە و فێربوون، واتە خوێندکار واز لەخوێندن دەهێنێت بەهۆی نەبوونی هۆشیارییەکی تەواو لای دایك و باوکەکان کە بتوانن ڕازی بکەن بۆ بەردەوام بوون لەچوون بۆ خوێندنگە.(نصرالله, ٢٠١٠: ص. ٤٨).

بیروباوەڕە کلتوری و نەریتییەکانی پەیوەست بەگرنگینەدان و نیگەرانییەکی تەواو بۆ پەروەردەی منداڵ و پەراوێزخستنیان و جیاوازی دیموگرافیای کۆمەڵایەتی کاریگەری نەریتییان لەسەر بەردەوامبوونی خوێندکاران هەیە لە خوێندن.( E.Ntumva, Mabebe, G. Rwambali, (E.mmanuel, 2013, p.p 701).

تێکڕای قەبارەی خێزان و ژمارەی ئەندامان لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك هۆکاری جێگیردایە و بەزۆری دەرەنجامی کۆمەڵێك بەهای شارستانی و کلتوری و کۆمەڵایەتی، ئاستی ئابوری ، شارەکان، هۆکارەکانی گۆڕانی دانیشتوان (لەدایکبوون ، مردن ، کۆچکردن) ئەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژەن بۆ قەبارەی خێزان و کاریگەری لەسەر وازهینانی خویندکار:-

١-بوونی بەربڵاوی بنەماڵەی فراوان بەتایبەت لەلادێکاندا.

٢- تێکڕای بەرزی ژمارەی ئەندامانی خێزان. بوونی ژمارەیەکی زۆری منداڵ وادەکات کە خێزان نەتوانێت بەباشی لەڕووی ئابوری و پەروەردەییەوە تەواوی پێداویستییەکانیان بۆ دابینبکات.

٣- هاوسەرگیری پێش وەختە بەتایبەت بۆ مێینە. یەکێك لەهۆکارەکانی وازهێنان لەخوێندن هاوسەرگیری پێش وەختەیە، خێزانە خویندەوارەکان تادوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن کچان و کوڕان هاوسەرگیری ناکەن، بەپێچەوانەی خێزانە نەخوێندەوارو مامناوەندەکان ئەوان لەتەمەنێکی بچوکدا بەهۆی داب و نەریت و هەژارییەوە هاوسەرگیری پێشوەختە ئەنجامدەدەن.

٤- گرنگیدانی زیاتر بە ڕەگەزی نێر وەك لە مێینە. بەهۆی دابو نەریتەوە زۆرێك لەکۆمەڵگاکان بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم زیاتر گرنگی بە ڕەگەزی نێر دەدرێت بۆ خوێندن وەك لەمێ، بۆیە چوونە دەرەوەی کچان بەشەرمهێن دەزانن و دەترسن لەوەی کە پەیوەندییەکی سۆزداری دروستبکەن.(قحوان، ٢٠١٢: ص. ٨٧-٨٨).

ژینگەی خێزان و قەبارەی خێزان ئاستی داهات و ئاستی پەروەردەیی دایك و باوك و چینی کۆمەڵایەتی و پێگەی منداڵ لەخێزان و ڕێکخستنی لەخۆدەگرێت، ئەمە باشترین ژینگەیە بۆ گەشەی منداڵ دوای لەدایکبوون لێیەوە فێردەبێت.(همشري, ٢٠١٣: ص. ٣٩).

ڕۆڵی خێزان تەنها لەهاوسەنگی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا سنوردار نییە لەئاستی پەیوەندییەکانی دایك و باوك و گەنجان. بەڵکو جیهانگیری زیاتر لەجاران ئەرکی گرنگی بەسەریدا دەسەپێنێت کە نوێنەرایەتی نەوەکانی سەرهەڵدەدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی لێهاتووانە مامەڵە لەگەڵ داهاتوودا بکەن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەلەبەرامبەر گەشەسەندنی ئالەنگارییەکانی جیهانگیریدا چیتر بەس نییە خۆمان سنووردار بکەین بەڕۆڵێکی وەڵامدەرەوە کەلەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکاندا بگونجێت.(حجازي, ٢٠٠٧: ص. ١٤٥).

خێزان نوێنەرایەتی یەکەم ژینگەی پەروەردەیی دەکات کە تاك تێیدا گەورە دەبێت ، کەکەسایەتییەکەی بەشێوەیەکی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی دروستدەبێت و تاك تێیدا شێوازەکانی لێهاتوویی مامەڵەکردن بەدەستدەهێنێت لەگەڵ کەسانیتر و تێرکردنی پێداویستییەکانی و گەیشتن بەبەرژەوەندییەکانی. هەندێك لەپسپۆڕانی پەروەردەو دەروونناسی پێیان وایە ئەو شێوازانەی ڕەفتار کە تاك لەئەندامێتی لە گروپێکی خێزانیدا بەدەستی دەهێنێت درێژدەبێتەوە بۆ ڕەفتارەکانی لەگەڵ گروپەکانی یاریکردن و قوتابخانەو گروپەکانی کار لە کۆمەڵگەی گشتیدا، پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنی تاك لە خێزاندا بەکۆمەڵێك هۆکار کاریگەرە گرنگترینیان سیستمی کلتوری و کۆمەڵایەتی خێزان. (جرادات, ٢٠٠٨: ص. ١٦٠).

**٤-هۆکارە تەکنەلۆجییەکان:**

دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لەکاریگەرییەکانیان لەسەر خوێندکار لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەتایبەت کات بەفیڕۆدان و گرنگی نەدان بەدەستکەوتی ئەکادیمی چونکە کاتێکی زۆر بەسەردەبات بۆ سەیرکردنی ئەو بەرنامانەی کە لێیەوە فێری توندوتیژی و شێوازەکانی دەبێت، جگە لە خووی خراپ و لادان بەهەموو جۆرەکانییەوە، پشتگوێخستنی لایەنە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییە گرنگەکان لەژیانیدا.(نصرالله, ٢٠١٠: ص. ٣٩).

لەگەڵ خێرابوونی گۆڕانکارییە جیهانییەکان کە هیچ لایەنێکی ژیانیان بەجێنەهێشتووە بەبێ ئەوەی پشکییان تێدا نەبێت. گەنجان ئەو گروپەن کە زۆرترین بەشداربوون لەخێراکردنی ئەم گۆڕانکارییە جیهانییانە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە جیهانگیری لەڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئابوری میدیایی، کلتوری و کۆمەڵایەتیدا بە پلەی یەکەم ئەوان دەکاتە ئامانج بەو پێیەی گەنجان سەرمایەی مرۆیی سەرەکی پێکدەهێنن.(حجازي, ٢٠٠٧: ص. ١٢٧).

**هۆکارەکانی پەروەردەییەکانی وازهێنانی خوێندکار لەخوێندن:**

زۆربەی کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکان لە قۆناغەکانی خوێندندا بەرێژەی جیاوازو بەگوێرەی هەلومەرجی تایبەتی هەر کۆمەڵگەیەك بەدەست وازهێنان لەخوێندن دەناڵێنن، ڕادەی ئەم دیاردەیە لەئاستی ناوخۆیی و جیهانیدا دەبینین. وازهێنان لە خوێندن دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار کە پەیوەندییان بەخودی خوێندکارەوە هەبێت وەك نەخۆشی جەستەیی یان دەروونی یان ئەو ژینگە خێزانییەی کەخوێندکارەکەی تێدایە.(حسين،٢٠١٣: ص. ٧٤). هەربۆیە کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی لەنێو خوێندنگەدا هەن کە پاڵ بە خوێندکارەوە دەنێن بۆ وازهێنان لە خوێندن وەك:

**١-مامۆستا:**

پەیوەندی نێوان مامۆستاو فێرخواز ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەبونیادنانی کەسایەتی فێرخوازدا، بەو پێیەی کەسایەتی مامۆستا فاکتەری گرنگە یۆ پێکهێنانی هەڵوێستی خوێندکارو بەهێزکردنی مەیلیان بۆ بابەتەکە، بەتایبەتی ئەگەر سەرسام بن بە ڕەفتارو هەڵسوکەوت و مامەڵەی مامۆستا لەگەڵیان، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر گەشەسەندنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و خۆگونجاندنی ئەکادیمییان دەبێت، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، کاتێک مامۆستا ڕەفتارێکی ناپەروەردەیی ئەنجامدەدات ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر لایەنی ئەکادیمی و کەسایەتی و کۆمەڵایەتییان. (بالطاهر و غرغوط، ٢٠١٨: ص. ٢٧٧).وەک ئەمانەی خوارەوە:

**-ڕەچاونەکردنی جیاوازی تاکەکەسی:**

بە وەڵامدانەوەی خوێندکارە سەرکەوتووەکان و ستایشکردنیان، پشتگوێخستنی خوێندکارە لاوازەکان و تەرخانکردنی تەنها کورسییەکانی دواوە لە پۆلدا بۆیان؛ بەجۆرێك کە بەتەواوی لە خوێندکارەکانی تر دابڕێن و ئەمەش وردە وردە دەبێتەهۆی ئەوەی لاوازەکان حەزیان لە قوتابخانە نەبێت و هەستبکەن کەلەلایەن مامۆستاو هاوپۆلەکانیانەوە دوورخراونەتەوە.

- ماندووکردنی خوێندکار بەچەندین ئەرکی قوتابخانە لەماڵەوەو بەستنەوە و سەرکەوتن و جێبەجێکردنی هەموو ئەو ئەرکانەی ماڵەوە کە مامۆستا داوای دەکات، ئەرك و فشارە دەروونییەکان خوێندکار توشی نامۆبوون لە قوتابخانە دەکات و بەهۆیەوە وا لە خوێندکار دەکات واز لەخوێندن بهێنێت.(الناصر، ٢٠١٤: ص. ٢١-٢٢).

- بەگشتی بەبێ گوێدانە هۆکارو پاڵنەرەکان، یەکەم کاری مامۆستا بریتییە لە وروژاندن و هاندانی خوێندکاران بۆ فێربوون. بۆیە گونجاو نییە مامۆستا چاوەڕێی شکستی خوێندکار بکات و پەنا بباتە بەر سەرزەنشتکردنیان و لۆمەکردنیان یان پۆلێن بەندی بکات بۆ خوێندکارانی زیرەکی نایاب، زیرەکی مامناوەند، زیرەك، لاواز، بێتوانا، ئەمە یەکێکە لەئەرکە یەکەمییەکانی مامۆستا پێش ئەوەی حوکمێکی توندی لەو شێوەیە دەربکات هەڵێکی دیکە بەخویندکارەکان بدات وەك هاندانێك تاوەکو خوێندکاران بەهۆی شکستەکەیانەوە بیر لە وازهینان لە خوێندن نەکەنەوە.(بهادر، ١٩٨٤: ص. ١٣١).

- مامۆستا لە پێشکەشکردنی پرۆگرامەکاندا هەر شێوازو نەریتە کۆن و تەقلیدییەکان بەکاردەهێنێت بۆ فێربوونی فێرخواز، ئەمەش لەگەڵ هۆکارەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو زانیارییەکاندا ناگونجێت، ئەم شێوازەش ڕۆحی داهێنەرانەی خوێندکار دەکوژێت. (الناصر، ٢٠١٤: ص. ٢١-٢٢).

ئامادەنەبوونی خوێندکار لە خوێندنگە بەبێ ئاگاداری خوێندنگە یان دایکوباوك:

أ- تواناکانی خوێندکار لەدەستکەوتە ئەکادیمیەکاندا لەتوانای هاوپۆلەکانی نزمترە بۆیە هەستدەکات چوون بۆ قوتابخانە هیچ سودێکی نییە.

ب- کێشەی لەگەڵ خوێندکاران یان یەکێك لە مامۆستاکاندا هەیە بۆیە وازدەهێنێت،

ج- نەبوونی پاڵنەر بۆ دەستکەوتی ئەکادیمی.

د- مامەڵەی توندی مامۆستا لەخوێندنگە.(مورسي, ٢٠١٦: ص.٤٣).

**٢- پرۆگرامی خوێندن:**

پرۆگرامی خوێندن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەوازهێنانی خوێندکار، هەربۆیە لە کاتی دانان و داڕشتنی پرۆگرامەکاندا، پێداگۆجەکان دەیانەوێت دڵنیابن لەوەی کە پێداویستییە ژیری، جەستەیی، دەروونی،

سۆزداری و ویژدانی خوێندکاران و لەگەڵ توانا و لێهاتوویی و مەیلی خوێندکاراندا بگونجێن و پێداویستییەکانیان تێر بکەن بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ڕەفتارەکانیان ئاراستە بکەن بەرەو گونجان لەگەڵ ژینگەکەیان و پێکەوەژیان لەگەڵیدا لە ڕێگەی ئەو پەروەردە و فێرکردنەی کە بە شێوەیەکی گشتگیر و یەکگرتوو وەریانگرتووە بەپێی ئاستی تەمەنیان و بیرکردنەوەیان بۆ گەیشتن بە کۆتایی.(نقاز, بدون سنة, ص.٨-٩).

هەربۆیە دەبێت بۆ ئامادەکردنی پرۆگرام بەشێوەیەك کەلەگەڵ داتاکانی داهاتوودا بگونجێت، پێویستە کۆمەڵێك گۆڕاو لەبەرچاو بگیرێت کە پەیوەندییان بە پرۆگرامەوە هەیە لەوانە کێبڕکێی میدیایی، جیاوازی تاکەکەسی، چالاکییەکانی خوێندکار، ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هەڵبژاردن، گرنگیدان بەکارامەیی بنەڕەتی، ڕاهێنانی بەردەوام.(الحديدي, ٢٠٠٧: ص. ٢٦٥).

هەروەها پێویستە لەپرۆسەی پەروەردەدا هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ هەریەك لەپرۆسەکانی دانانی پرۆگرامی خویندن و وانە وتنەوەو فێرکردن ئەنجامبدرێت بەمەبەستی چاککردنی هەریەك لەولایەنانەی کەلەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا هەیە، تاوەکو سەرنجی خوێندکار ڕابکێشێت و واز لەخوێندن نەهێنێت.(قادر, ٢٠١٨: ل.٧٥).

پێویستە ئەو پرۆگرامانەی خوێندن کە خوێندنگە پێشکەشی دەکات لەچوارچێوەیەکدا بێت کەلەگەڵ تواناو و وزەو لێهاتووییەکانی خوێندکاردا بگونجێت، دەبێت ئامانجی یارمەتیدانی ئەو خوێندکارانە بێت کەبەدەست هۆکاری جۆراوجۆری خاوەن پێداویستییەوە دەناڵێنن.(خضر, ٢٠٠٧: ص. ٤٣).

**٣- سیستمی فێرکردن:**

ئەو پلانە خراپەی کە سیستەمی پەروەردەیی بەرهەمی هێناوە، وایکردووە کە لە ئامانجەکانی پێشتر لابدات. جگە لەوەش ئەو بودجەیەی بۆ سیستەمی پەروەردەیی تەرخانکراوە بەراورد بە بوارەکانی دیکە زۆر کەم و کورتە. ئەمەش وایکردووە کە سیستمی پەروەردە ئامرازێکی پەروەردەیی گونجاو نەبێت بۆ پێشکەشکردنی باشترین پەروەردە و فێرکردن و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە پسپۆڕانی کەرتی پەروەردە و ڕاگرتن و ڕاکێشانی خوێندکاران بۆ خوێندن.(عمار, ٢٠٢٠: ص.١٢).

**٤- پەرتوکی خوێندن:**

ئەو پەرتوکەی کە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن دیاریکراوە وابەستەی تەمبەڵییەکی زۆری لای مامۆستایان دروستکردووە بەجۆرێك خۆیان لە ئاگادارکردنەوەو بەدواداچوون بۆ پێشکەوتن و پێشهاتە زانستییەکانی پەیوەست بەو بابەتانەی کە دەیڵێنەوە بەدوور بگرن. پەرتوکی هەموو مامۆستایانی یەك بابەت بەیەك کارەکتەری یەکسان و ڕەوتی یەکسان چەسپاندووە، بەم شێوەیە کار لەسەر نەهێشتنی جیاوازی تاکەکەسی لەداهێنان و باشی لەنێوان مامۆستایاندا بکات، ڕەنگە پەرتوکەکە کۆمەڵێك هەڵەی زانستی یان ڕاستی لەخۆ بگرێت کە لەبەر ڕۆشنایی ئەو دۆزینەوە نوێیانەی کە هەندێك مامۆستای زیرەك هەوڵی ڕەتکردنەوەیان دەدەن لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت پاشان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و تۆمەتبار دەکرێن و کۆتایی بە پراکتیزە چاکسازییەکانیان دەهێنرێت.(الحديدي, ٢٠٠٧: ص. ٢٦٦).

**٥- کارگێڕی خوێندنگە:**

جۆروشێوازی بەڕێوەبردنی خوێندنگە یەکێکی دیکەیە لەئاستەنگییەکانی بەردەم خوێندکار، بۆنمونە شێوازی تاکڕەوی لەبەڕیوەبردنی خوێندنگە کۆمەڵێك ئاستەنگ دروستدەکات لەڕووی کارگێڕییەوە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان، بەجۆرێك گیانی هەرەرەوزی کارکردن و دڵسۆزی و پەرۆشبوون بۆ پیشەکە دەمرێنێت، هەروەها شێوازی چاوپۆشی یەکێکی دیکەیە لەو شێوازانەی کەچەندین دەرئەنجامی نەرێنی بەدەستەوە دەدات لەوانە دروستبوونی فەوزای کارگێڕی و هەرکەس بۆخۆ کارکردن، زۆرجاریش وەلانانی ئەرکولێپرسراوێتییەکان چەندین ئاستەنگ و کێشەی تر کەدواجاردەبێتە بارێکی

دەروونی ناتەندروست لەسەر خوێندکارو پاشان ڕێگری دەکات لەبەدیهێنانی ئامانجەکانی،ئەمەش پاڵ بە خوێندکارەوە دەنێت بۆ وازهێنان لەخوێندن.(عزیز, ٢٠١٩, ل: ١١٦-١١٧).

**٦- گروپی هاوڕێیان:**

مەبەست لە گروپی هاوڕێیان ئەو گروپە شانۆییانەیە کە تاك لە قۆناغە جیاجیاکانی گەشەکردنیدا سەربەخۆیانە بەتایبەت قۆناغەکانی منداڵی و هەرزەکاری و گەنجی تێیدا دەژی، لەم گروپانەدا تاك لەڕێگەی ئەوانەوە کۆمەڵێك شێوازی ڕەفتار بەدەستدەهێنێت. چۆنێتی ئەم شێوازانە پەیوەستە بەچۆنایەتی ئەم گروپانە و سروشتی پەیوەندییە هەبووەکانی نێوان ئەندامەکانی و ئەو پەیوەندییانەی کەبەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، ئەمە جگە لەو پێگەیەی کەتاك لەگروپەکەدا داگیری دەکات و ئەو ڕۆڵانەی کەئەنجامی دەدات.(جرادات,٢٠٠٨: ص. ١٦٢).

**٧- ژینگەی خویندنگە:**

نەبوون و دابین نەکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ خوێندنگە کە بریتییە لە کەرەستە، بینا، ئامێر، مامۆستا، کارگێڕی خوێندنگە، نەڕەخساندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان خوێندکاراندا کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر بەردەوامنەبوونی خوێندکار لەخوێندن دەرەنجام وادەکات واز لە خوێندن بهێنێت، چونکە ژینگەی خوێندنگە بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە لەگەشەکردنی خوێندکار لەڕێگەی ئەو مەعریفەو زانیارییانەی کە پێی دەبەخشێت، هەروەها لەڕێگەی یارمەتیدانی بۆ پێکهێنانی کەسایەتییەکی سەربەخۆ، ڕێگاکانی بیرکردنەوەی دروست، چارەسەرکردنی کێشەکان، دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست، فێربوونی ڕۆڵ، بەدەستهێنانی کارامەیی جۆراوجۆر.(همشري, ٢٠١٣: ص. ٣٩).

**٨- ڕاوێژکاری پەروەردەیی:**

پرۆسەی یارمەتیدانی تاکە بۆ تێگەیشتن لە پلانە پەروەردەییەکان کەلەگەڵ تواناو مەیل و ئامانجەکانیدا دەگونجێت، هەروەها ئەو بابەتانەی یارمەتیدەرن بۆ دۆزینەوەی توانستە پەروەردەییەکانی لەدوای ئاستی خوێندنی ئێستا، لەگەڵ یارمەتیدانی لەسەرکەوتن لە پرۆگرامە پەروەردەییەکان و چارەسەرکردنی کێشە پەروەردەییەکان بەشێوەیەك کە هاوسەنگی پەروەردەیی بۆ بەدیبهێنێت. واتە کۆمەڵێك خزمەتگوزاری پێشکەشکراو لەلایەن ڕاوێژکاری پەروەردەییەوە بەئامانجی یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ تێگەیشتن لە خودی خۆیان و تواناکانیان و یارمەتیدانیان بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتی و خێزانی و ئەکادیمییەکانیاندا.

ئامانجی ڕێنمایی پەروەردەیی گەیشتنە بەمانەی خوارەوە:

١-پێداویستی بەدیهێنانی خود، ئامانجی ڕێنمایی پەروەردەیی یارمەتیدانی تاکە بۆ بەدەستهێنانی خود، واتە ئەو دەتوانێت ببێت بە تاکێکی دواکەوتوو یان باڵادەست بێت لەڕووی ئەکادیمییەوە.

٢- خۆگونجاندن، گونجان واتە ڕووبەڕووبونەوەی ڕەفتار و ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی لەڕێگەی گۆڕانکاری و دەستکاریکردنەوە بۆ ئەوەی هاوسەنگی لەنێوان تاك و دەوروبەرەکەیدا ڕووبدات، ئەم هاوسەنگییە تێرکردنی پێداویستییەکانی تاك و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژینگە لەخۆ دەگرێت.(منصور، ٢٠٢٢: ص. ٢٠٧).

**تایبەتمەندی و سیفەتەکانی ئەوانەی کە وازیان لە خوێندن هێناوە:**

**١- ئەوانەی توانای ژیرییان سنوردارە(ذو القدرات العقلية المحدودة):**

ئەم گروپە لەخوێندکار بەدەست کێشەی تێگەیشتن و فێربوونەوە دەناڵێنێت، ئەمەش بەهۆکاری بۆماوەیی یان نەخۆشی، بە کەمی توانای فێربوون تایبەتمەندن و توانای بەشداریکردنیان سنوردارە و بەنزمی ئاستی زانستییان دەناسرێنەوە.(عباس, ٢٠٢٠: ص. ٢٦٩).

ناتەواوی یان گرفتەکانی پەیوەست بە لایەنی عەقڵی خویندکاران، هۆکارێکی دیکەیە کە کاریگەری هەیە لەسەرکەوتن و دواکەوتن و وازهێنان لە خوێندن. ئەو خویندکارانەی کە توانای عەقڵییان باشترە



مجلة مركز بابل للدراسات الأنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

خێراترو زیاتر دەتوانن سەرکەوتوو بن و کەمتر دوچاری دابران لە خوێندن دەبنەوە بەبەراورد بەو خوێندکارانەی کە ئاستی عەقڵییان لاوازو کێشەدارە.(سعيد, ٢٠٢٠: ل. ٤١).

چونکە ئەم جۆرە لەخوێندکار لە ڕێگەی نمرە نزمەکانیانەوە لە دەستکەوتی نزمی ئەکادیمی یان لە ڕێگەی شکستهێنانیانەوە دەناسرێنەوە، دەبێت ئەوانەی بەرپرسی پەروەردەن بەدواداچوون بۆ ئەو جۆرە حاڵەتانە بکەن و گرنگی بدەن بە دروستکردنی سەنتەری تایبەت بۆیان.(مصطفى, ٢٠١٤: ص. ١٣٥).

لاوازی متمانە بەخۆبوون لەحاڵەتی لەدەستدانی متمانە بەخۆبووندا مرۆڤ توشی ترس و شکست و مەترسی و بارودۆخی ناپارێزراو دەبێت کە لێکەوتەی خراپی دەبێت، ئەمەش هۆکارە بۆ وازهێنان لە خوێندن.( الحديدي, ٢٠٠٧: ص. ٢٤٠).

**٢- ئەوانەی ناچارن واز لە خوێندن بهێنن(ذو الفئة المجبرين على التسرب):**

ئەمەش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی قەیرانی کەسی یان خێزانی یان کێشەکان، وەک نەخۆشی، لاوازی جەستەیی، هەژاری، یان مردنی دایک و باوکیان قوتابخانەیان بەجێهێشتووە.

**٣- هەڵوەشاندنەوەی خێزان (تفكك الأسري):**

هەڵوەشاندنەوەی خێزان چەندین شێوەی هەیە، لەوانە (جیابوونەوەی دایك و باوك، مردنی یەکێکیان یان هەردوکیان، ناکۆکی خێزانی) هەبوونی ژینگەیەکی ئاشتیخوازانەی خێزانی ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لەپێشکەوتنی خوێندکار و سەرکەوتنی لە قوتابخانەدا، هەڵوەشاندنەوەی خێزان و بوونی هەریەکێك لەو هۆکارانەی سەرەوە پاڵنەرە بۆ ئەوەی خوێندکار بیری وازهێنان لە خوێندن لە هزریدا بچەسپێت.(أماني, خلود, ٢٠٢٢: ص. ٢٣-٢٤).

هەروەها نەبوونی ژینگەیەکی گونجاو بۆ خێزان و چاودێریکردن و بەدوادچوون بۆ کێشەو گرفتەکانی پەیوەست بە خوێندن و خوێندکارەوە هاندەرە بۆ ئەوەیکە خوێندکار گرنگی بەخویندن نەدات و لە کۆتاییدا ببێتەهۆی وازهێنانی.(دهيم, ٢٠١٨: ص. ٦٥).

**تایبەتمەندی دەروونی و ڕەفتاری:**

**٤- ئەوکەسانەی کە ڕەفتاری تایبەتیان هەیە: (ذو السلوك الخاص) :**

ئەو کەسانەی کە ڕەفتاری تایبەتیان هەیە بەهۆی زۆرێک لە بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کە کاریگەری نەرێنی لەسەر خوێندکاران هەیە، بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێکیان سیفەتی ڕەفتاری خراپیان بەدەستهێناوە کە لە پابەندبوونیان بە قوتابخانەدا ڕەنگ دەداتەوە، لەوانە ( شەڕانگێزی زارەکی، توندوتیژی جەستەیی بەرامبەر بە کەسانی تر یان بەرامبەر مامۆستایان، کێشەی تەرکیزکردن، تێکچوونی سۆزداری).(خنين, ٢٠١٨: ص. ٥٥).

**٥- لێهاتوویی (ذو الكفاءة):**

ئەمانە ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە توانای سەرکەوتنی ئەکادیمییان هەیە بەڵام بە هۆکاری پەیوەست بە مەیلی کەسی خۆیان لە دەرەوەی بواری قوتابخانە وازیان لە خوێندن هێناوە.(عباس, ٢٠٢٠: ص. ٢٧٠).

**٦- قورسی بارودۆخی ئابوری (ذو الظروف الأقتصادية الصعبة):**

بارودۆخی ئابوری گەلان بەگشتی و تاکەکان بەتایبەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن بۆ ئەوەی تاك بتوانێت ئەو شتە بەدەست بهێنێت کە ئامانجیەتی، لەوانەش پەروەردە، تاتوانا داراییەکان لاوازترین توانای گەیشتن بە ئامانج و ئارەزووە خوازراوەکان لاوازتر دەبێت. بۆیە لاوازی توانای دارایی خێزان توانای ئەم خێزانە بۆ خەرجکردنی خوێندن لاوازدەکات و بەخێرایی سوود لەهەوڵی منداڵەکانی وەردەگرێت وەك سەرچاوەیەکی داهات بۆ خێزانەکە کەبەئاراستەکردنیان بۆ بازاڕی کار یان زوو بەشودانیان بۆ ئەوەی خێزان لەبارگرانی پێداویستییەکانی ژیانیان ڕزگاریان بێت.(سعيد, ٢٠١٦: ص. ٢٠٤).

**جۆرەکانی وازهێنان لە خوێندن:**

١- وازهێنانی کاتی:



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

وازهێنان لەخوێندن تەنها وازهێنانێکی تەواو نیە لەخوێندن، بەڵکو جۆرێکە لەوازهێنانێکی کاتی و پەیوەستە بەدووبارە نەبوونەوەی خوێندکارێك لەخوێندنگە. بەوپێیەی ئەو ئامادەنەبوونەی دەبێتەهۆی دەرکردنی تەواوەتی لەلایەن کارگێڕی قوتابخانەوە.

٢- وازهێنانی هەمیشەیی:

وازهێنانی هەمیشەیی لەخوێندنگە واتە خوێندکار بۆ هەمیشە واز لە خوێندن دەهێنێت.

٣- وازهێنانی باو:

پەیوەندی بەخوێندکارانی قۆناغی سەرەتاییەوە هەیە پێش ئەوەی بگەنە کۆتایی قۆناغی خوێندن.

٤- وازهێنانی لائیرادی:

دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی خوێندکاران لەپۆلەکەدا و بێتوانایی فێرخواز لەتێگەیشتن و وەرگرتن لەوانەکان یان سوود وەرگرتن، بەمشێوەیە وازهێنان بەباشتردەزانرێت.

٥- وازهێنانی قۆناغی:

ئەم جۆرە کۆتایی هەر قۆناغێکی خوێندن دەگرێتەوە بەو پێیەی خوێندکار قۆناغێکی دیاریکراوی خوێندن تەواو دەکات و دوای ئەوە ناچێتە ناو قۆناغەکانی تری خوێندنەوە.(الناصر, ٢٠١٤: ص. ١٩).

٦- وازهێنانی شاراوە:

خوێندکار بەبەردەوامی دەچێتە خوێندنگە بەڵام زۆرجار ئامادە نابێت، نمرەی خراپی هەیە و کەمتەرخەم دەبێت لەتەواوکردنی ئەرکەکانی، بەتێپەڕبوونی کات کەلێنێکی گەورە لەنێوان ئاستەکەیان و ئەزموونەکەیان دروستدەبێت بەبەراورد بەهاوتەمەنەکانیان ئەمەش وایان لێدەکات واز لەخوێندن بهێنن چونکە ناتوانن دەستکەوتێکی قبوڵکراو بەدەستبهێنن.

٧- وازهێنانی ئاشکرا:

واتای ئەوەیە خوێندکار بۆ چەند کاتژمێرێك لەخوێندنگە ئامادە نەبێت، پاشان بۆچەند ڕۆژێك یان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەڵام لەقۆناغی یەکەمدا بەتەواوی واز لە خوێندن ناهێنن بەڵام دواتر واز لە خوێندن دەهێنن و خوێندن تەواو ناکەن. (أمل, ٢٠٢٢: ص. ٢٢-٢٣).

**تیۆری فێربوون لای جۆن دیوی:**

پەروەردە پرۆسەی گونجاندن وکارلێککردنە لەنێوان تاك و ئەو ناوەندەی کە تێیدا دەژی، کەواتە پەروەردە پرۆسەی گونجاندنە لەگەڵ کۆمەڵگە، هاوژیانکردن لەگەڵ ژیان بەتەواوی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، هەروەها ملکەچبوون بۆ بیروباوەڕو ئایدیای نەگۆڕ. (عبدالله, ٢٠١٠: ص. ١٩).

هەروەها جۆن دیوی سەبارەت بە پەروەردە دەڵێت ژیان لە سروشتی بنەڕەتی خۆیدا هەوڵدەدات لەڕێگەی نوێبوونەوەی بەردەوامەوە بوونی خۆی بەردەوام بکات، بۆیە خۆی لەخۆیدا پرۆسەی نوێبوونەوەیە، نەوەیەك لەپێناو سەرهەڵدانی نەوەیەکی تردا دەمرێت و ئەم گواستنەوەی میراتی کلتوری مرۆڤ لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە پرۆسەکە بەتەواوەتی وەك پرۆسەی نوێبوونەوە نیشان دەدات کەلەڕێگەیەوە ژیان دەتوانێت بەردەوامی خۆی بپارێزێت. پەروەردە بریتییە لە کۆمەڵە پرۆسەیەك کە کۆمەڵگە دەتوانێت لەڕێگەیانەوە زانیاری و ئامانجە بەدەستهێنراوەکانی بگوازێتەوە بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی و لەهەمانکاتدا بەمانای نوێبوونەوەی بەردەوامی ئەم میراتە و هەروەها تاکەکانە، ئەوانەی هەڵیدەگرن وەك چۆن پەروەردە پرۆسەیەکی گەشەکردنەو هیچ ئامانجێکی نییە جگە لەگەشەکردنی زیاتر، خودی ژیانە لەگەڵ گەشەکردن و نوێبوونەوەی. (ديوي, ١٩٧٨: ص. ٥٥).

دیوی پێی وایە ئەزموون تەنها لە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەکانەوە دروست دەبێت، هەروەها هیچ شتێک بەبێ ئەزموون بۆ منداڵەکە باش نییە. سەبارەت بە سروشتی پرۆسەی پەروەردەیی، ئەو پێی وایە پەروەردە خودی ژیانە و تەنیا ئامادەکاری نییە بۆ ژیان، هەروەها پرۆسەیەکی گەشەکردنە، پرۆسەیەکی فێربوونە، پرۆسەیەکی بەردەوامی بنیاتنانەوە و نوێبوونەوەی ئەزموونە، هەروەها پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە. بۆ ئەوەی پەروەردە پرۆسەیەکی ژیان بێت، دەبێت پەیوەست بێت بە کاروباری ژیانەوە. بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی گەشەکردن و پرۆسەی فێربوون و پرۆسەی بەدەستهێنانی

ئەزموون بێت، دەبێت بارودۆخی گەشەکردن و مەرجەکانی فێربوون و مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەزموون لەبەرچاو بگرێت. بۆ ئە وە ی پرۆسە یە کی کۆمە ڵایە تی بێت، دە بێت کارلێکی کۆمە ڵایە تی لە خۆ بگرێت و لە کە شێکی کۆمە ڵایە تی دیموکراسی و تە ندروستدا ڕووبدات. (الشيباني, ١٩٧١: ص. ٣٤٩).

هەربۆیە جۆن دیوی زانای فەلسەفەی پراگماتیکی پێی وایە پەروەردەو فێرکردن نوێکردنەوەی ئەزموونەکانی ڕابردووە و پێکهێنانێکی نوێتری ئەو ئەزموونانەیە بەئاراستەی فەراهەمکردنی گەشەیەکی زیاتر بۆ تاك، گەر ناوەندەکانی خوێندن لای جۆن دیوی بریتیین لە یەکەیەکی دیموکراسی کەواتە ڕۆڵی مامۆستا پلەیەکە لەبەرهەمهێنانی ئەو فەزایەدا، گەر مامۆستا خۆی دیموکراسیانە پەروەردە نەکرابێت ناتوانێت پۆلێکی دیموکراسی بسازێنێت تا مرۆڤەکان وەك ئەوەی هەن ببینرێن و توانا داهێنەرەکانیشی دەربکەون. (میکە، ٢٠١٢: ص. ١٥-٣٤).

جۆن دیوی پەروەردەی بەستووەتەوە بە ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵگەوە ، ئەو پێی وایە تەنها بەخوێندنی مادەکان بەشێوەیەکی تیۆری ناتوانێت ئامانجەکانی خوێندن بەدیبهێنێت، ئەو پێی وایە دەبێت هەموو وانەکان بەچالاکی و بەشێوەیەکی پراکتیکی جێبەجێبکرێت بۆ ئەوەی وانەیەکی چێژبەخش بێت بۆ خوێندکار و خوێندکار هەست بەبوونی خۆی بکات، هەروەها دیوی باس لە پرۆسەی دیموکراسی دەکات لەناوەندەکانی خوێندنداو دەڵێت ئەو مامۆستایەی بەشێوازێکی دیموکراسی پەروەردە نەکرابێت ناتوانێت دیموکراسی بۆخوێندکارەکان بەرجەستە بکات، واتە ئەو پێمان دەڵێت دیموکراسی جەوهەری پرۆسەی پەروەردەیە تاوەکو خوێندکار بتوانێت بیروبۆچوونەکانی بەشێوەیەکی ئازادانە دەربڕێت، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر لە ناوەندەکانی خوێندندا نابینرێت و پرۆگرامەکانی خوێندن خوێندکارو مامۆستای لە قاڵب داوە تەنها بیرکردنەوەی مامۆستاو خوێندکاری بەستووەتەوە بەچوارچێوەی پرۆگرامەکەوە، هەروەها دەستەی بەڕێوەبەر و مامۆستایان نەیانتوانیوە ژینگەیەکی گونجاوو لەبار فەراهەم بهێنن بۆ خوێندکار بەتایبەت لەم دۆخە پڕ لە قەیرانەدا، لەتیۆرەکەی جۆن دیوییەوە دەگەینە ئەوەی دەبێت پەروەردە ناوچەیەکی دابڕاو نەبێت لە ژیانی دەرەوە، هەروەها دژی ئەو سیستمەبوو کە خوێندکار تەنها گوێگربێت بەڵکو دەبێت چالاك و بەشداربێت چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەزی لە جوڵەو کارکردنە، زۆرێك لەو خوێندکارانەی کەوازدەهێنن تەممەڵ و بێتوانا نین بەڵکو بێزارن لەژینگەو سیستمی خوێندن، کاتێك خوێندنگە خوێندکار ناچاردەکات بەبێدەنگی دابنیشن حەزی فێربوون دەکوژێت و بەرەو وازهێنانی دەبات.

**خستنەڕووی ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانی توێژینەوە:**

لەئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنانەی کەلەنمونەی توێژینەوەکە بەدەستهاتوون کەپێکهاتووە لەحەوت(٧) خوێندکار، (٤)یان لەڕەگەزی نێرەو (٣)یشیان لەڕەگەزی مێن، لەناوشاری هەڵەبجە لەڕێگەی چاوپێکەوتنەوە ئەنجامدرا بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکەمان گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

**تەوەری یەکەم: هۆکاری کۆمەڵایەتی:** دۆخی کۆمەڵایەتی خێزان بەیەکێك لەو هۆکارانە دادەنرێت کە ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر ژیانی ئەکادیمی منداڵەکان هەیە، خێزانەکان ئەو ژینگە سروشتییەن کە ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵەکان دەگرنە ئەستۆ، منداڵ لەخێزانەکەیەوە هەموو ئەو شتانە فێردەبێت کە پێویستە بیزانێت، هەروەها لەداهاتوودا کاریگەری گەورەو قوڵی هەیە لەسەر دروستبوونی کەسایەتی منداڵەکە زیاتر لەکاریگەرییەکانی هەر گروپێکی تر. (خولة، كريمة، ٢٠١٢: ص. ١٦).

**مردنی دایکوباوك و کێشەی خێزانی: (هاوناز ، پۆلی ١٠ ئامادەیی) دەڵێت: "دایکوباوکم نەبووە و کێشەی خێزانیمان زۆربووە، خاوەنی ژمارەیەکی زۆر منداڵ بووین، خوشکوبراکانم هیچ بارودۆخی خوێندنی منیان لەبەرچاو نەدەگرت، ئەرکی خێزانی لەسەر من بوو بەهۆی ئەوەی کە من منداڵی گەورەی ماڵ بووم، ئیتر سەرکەوتوو نەبووم لەخوێندن و وازم لێهێنا". (محمد, پۆلی ١٢ئامادەیی) دەڵێت:" دایك و باوکم لەیەك ڕۆژدا بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە مردوون، ئێمە ئێستا چوار منداڵین دابەشبووین بەسەر خزموکەسوکاردا هەرگیز ناتوانم بەردەوام بم لەخوێندن".**

**هاوسەرگیری پێشوەختە:** پەیوەندییەکی هاوسەرگیرییە کە لەتەمەنێکی بچوکیدا سەرهەڵدەدات کە هەرلایەنێك دەتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت سەبارەت بەو پابەندبونانەی کە پەیوەندییان بەهەر لایەنێکەوە هەیە بەرانبەر لایەنەکەی دیکە، واتە هاوسەرگیری پێشوەختە ئەو هاوسەرگیرییە کە پێش ئەوەی کچەکە بگاتە تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری دەکات. (أحمد و هلال وأخرون، ٢٠١٩: ص.٣٩٩). لەکۆی حەوت لە لێتوێژراوان دوانیان کەلە ڕەگەزی مێن هاوسەرگیری پێشوەختەیان کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزمی ئاستی هۆشیاری خێزان و نەبوونی پاڵپشتی و هاندانی خوێندن لە پێش هاوسەرگیرییانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خێزانەکان بەزۆر کچەکانیان لە خویندن ناهێننە دەرەوە و ڕێگەشیان لێناگرن بۆ هاوسەرگیری لەهەرکاتێکدا بێت، بەڵام ڕەگەزی نێر هاوسەرگیری پێش وەختەیان نییە بەڵکو کۆچکردن بۆ دەرەوە و بوون هێزی چەکدار و کارکردن واز لە خوێندن دەهێنن. **(شاناز, پۆلی ١٢) دەڵێت: "کورێك هاتە خوازبێنیم ماڵەوەشمان بەلایانەوە ئاسایی بو بخوێنم یان هاوسەرگیری بکەم منیش هاوسەرگیریم کردوو ڕێگەیان لێنەگرتم و منیش وازم لەخوێندن هێنا لەکۆتایشدا وتی خۆ تەواویشی بکەم هەر دانامەزرێم ئیتر بۆچی بخوێنم؟(نازەنین، پۆلی ١١) دەڵێت کورێك هاتە خوازبێنیم منیش حەزمدەکرد هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم و ماڵەوەش ڕێگرییان لێنەکردم و هاوسەرگیریم کرد."**

**تێڕوانینی کۆمەڵایەتی خەڵکی هەڵەبجە بۆ خوێندن چۆنە:**

لەناو هەڵەبجەدا تێڕوانینی کۆمەڵایەتی بۆ خویندن زۆر ئەرێنییە ئەوکەسەی کە خوێندن تەواودەکات لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێگەیەکی بەرزی هەیە بەڵام ئەم بارودۆخەی چەند ساڵی ڕابردوو هۆکار بوو بۆ بێ بەهاکردن و نەمانی شکۆی خوێندن ئەویش بەهۆی دارمانی لایەنی ئابوری خێزان و نەبوونی هەلیکار لە ناو هەڵەبجەدا پاڵنەر بووە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان واز لە خویندن بهێنن، **(دیار، پۆلی ١١ئامادەیی) دەڵێت: "خوێندن و بڕوانامە زۆربەگرنگ سەیردەکرێت بەڵام خۆ خەڵکیش هەیە بڕوانامەی نییە و خەڵکیش بەڕێزەوە سەیری دەکات بۆ نمونە سەیری فلان کەس بکە دژەتیرۆرە یان لە هێزی فلان کەسە". هەروەها (ڕۆژ، پۆلی ١٢ ئامادەیی)یە ئەوە دوپات دەکاتەوە کە خەڵکی هەڵەبجە زۆر بەگرنگییەوە لە خوێندن دەڕوانن، کاتێك باسی دامەزراندن دەکەیت لەهەموو بەشەکاندا دەرچوو هەیە، ئەمەش نیشانەی بەهای خوێندنە لای خەڵکی هەڵەبجە, لەناو خەڵکی هەڵەبجەدا خاوەن بڕوانامەکان زۆر ڕێز لێگیراون". هەروەها (دیار، پۆلی ١١ ئامادەیی) یە دەڵێت : "خاوەن بڕوانامەکان پێگەی خۆیان هەیە لە کۆمەڵگەدا، بۆ نمونە دەڵێن فلانەکەس دکتۆرە هەموو خەڵك بەچاوێکی جیاوازترەوە تەماشای دەکەن"، بەپێچەوانەشەوە (شاناز، پۆلی ١٢ ئامادەیی)یە دەڵێت: "لەخێزانەکەی ئێمەدا زۆر گرنگی بەخوێندن نادرێت و کەم خزم و کەسمان هەیە کە خوێندنی تەواوکردبێت".**

**بەهای خوێندن:**

لەچاوپێکەوتنی لێتوێژراواندا سەرجەمیان ئاماژە بە نەمانی بەهای خوێندن دەکەن بەهۆی بێ ئومێدبوون و دانەمەزراندن و نەبوونی هەلی کاری دوای تەواوکردنی خوێندن، لەکۆی هەر حەوت لێتوێژراوەکە پێنجیان دەیانگووت هەرگیز ناگەڕێینەوە بۆ خوێندن، پێیان وابوو خوێندن هیچ داهاتوویەکی نییە. **وتەی لێتوێژراوان ئێمە برا وخوشکی گەورەمان خوێندنیان تەواوکردووە و دانەمەزراون و هەلی کاریشیان نییە ئیتر بۆچی ئێمەش بخوێنین؟**

**تەوەری دووەم هۆکاری ئابوری:** دۆخی دارایی خێزان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لەبەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵان لەزۆر ئاستدا، وەك لەسەر ئاستی گەشەکردنی جەستەیی و زیرەکی، سەرکەوتنی لە خوێندنگە و بارودۆخی گونجاندنی کۆمەڵایەتی.(حسن, بدون سنة: ص. ١٤٥).

**پێداویستی بژێوی ژیانی ڕۆژانە:** کاتێك باسی پێداویستی خێزانی دەکەین نابێت لایەنی ئابوری بەنادیدە بگرین، چوکە پایەی سەرەکی ژیانی ڕۆژانە و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و گەشەی خێزان و دڵخۆشی ناو ئەندامانی خێزان. هەر بۆیە لایەنی ئابوری بووەتە بەربەست بۆ وازهێنانی خوێندکار لەخوێندن.

لە کۆی حەوت لە لێتوێژراوان هەر حەوتیان دۆخی ئابوری خێزان کاریگەری هەبووە لەسەریان، دوو لە لێتوێژراوان ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە بەهۆی ئەوەی دۆخی ئابوریان لاوازە و پێویست بووە لەسەریان کە کاربکەن و هاوکاری ماڵەوە بکەن، ئەوانی دیکەش دۆخی ئابوری کاریگەری هەبووە لەڕووی کرێی هاتوچۆو ڕۆژانەی خوێندکار بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندنگەیان،(ئاراس، پۆلی ١٠ ئامادەیی)یە دەڵێت: **"خێزانەکەم پێویستی بەکارکردنی من هەبوو بۆ ئەوەی یارمەتی باوکم بدەم و بژێوی ژیان ڕۆژانە دابین بکەین." هەروەها (هاوناز، پۆلی ١٠ئامادەیی)یە دەڵێت: "دایکو باوکم لەدەستداوە و بارودۆخی ئابوریمان باش نییە و ناچارم کاربکەم".**

**تەوەری سێیەم هۆکاری پەروەردەیی:** ژینگەی خوێندنگە بەیەکێك لە ژینگە گرنگەکان لەژیانی هەریەکێك لەئێمە دادەنرێت کە ڕۆڵی کاریگەرو ڕاستەوخۆی بۆ داهاتوو دەبێت، ژینگەی خوێندنگە لەجۆری ژینگەی دەستکردە کە خۆی لەهەموو ئەو هۆکارانە دەبینێتەوە کەلەخوێندنگەدا هەیە، هەر لەبیناو کەرەستەوە بگرە تا مامۆستاو خوێندکار هەمووی کاریگەری خۆی هەیە،ژینگەی تەندروست لەخوێندنگەدا نەوەیەکی تەندروست و پەروەردەیەکی ئامانجدار بەرهەم دەهێنێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە. (جاف, ٢٠١١: ل. ٧٢).

**زۆری پرۆگرامەکانی خوێندن:** لە کۆی حەوت لە لێتوێژراوان هەرحەوتیان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە ئاماژە بە زۆری پرۆگرامەکانی خوێندن دەکەن، **(محمد، پۆلی ١٢ئامادەیی)یە دەڵێت: "بەڵێ پرۆگرامەکان زۆربوون و بێ سوود بوون و قورسبوون، ئەم پرۆگرامانە لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا ناڕوات ، هەموو ڕۆژێك ئەرکی خوێندنگەو لە خوێندگەشەوە ئەرکی ماڵەوە ئێمەش بێزاربوین و تاقەتی خوێندنمان نییە. "، هەروەها (دیار، پۆلی ١١ئامادەیی) (هاوناز, پۆلی ١٠ئامادەیی)یە دەڵێن: "زۆری پرۆگرامەکان و پەلەپەلی مامۆستا لە ڕونکردنەوەی بابەتەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا وانەکان کرداری نین، زۆری بابەتەکان و تاقیکردنەوەو کویز و ماندوکەر بوون، وانەکان چێژبەخش نەبوون".**

**هەڵسوکەوتی مامۆستایان: (ڕۆژ، پۆلی ١٢ ئامادەی)یە دەڵێت:" ئاستی هۆشیاری زۆرێك لەمامۆستاکانم بەدڵنەبوو چونکە زۆر (نائەخلاقانە) ڕەفتاریان دەکرد، هەرئەوەش بووە هۆی وازهێنانم لەخوێندن سەرەڕای نارازیبوونم لەسیستمی خوێندن".** هەروەها نەبوونی هەمەهانگی لەنێوان مامۆستایاندا لەپێدانی ئەرکە پەروەردەییەکانی ماڵەوە وای لە خوێندکار کردووە کە بێزار ببێت لە وانەکان و بەباشی فریای وانەکان نەکەوێت، ئەمەش هاندەر بووە بۆ ئەوەی بیری وازهێنان لە هزریاندا سەرهەڵبدات، لەچاوپێکەوتنی لێتوێژراودا ئەوەیان ئاشکرا کرد کە وانەکان بەشێوەیەکی تیۆرین و هیچ چالاکییەکی کرداریان تێدا نییە و ئەمەش بێزاری زۆری خوێندکارانی لێکەوتووەتەوە، هەروەها شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستا تەنها هەربە شێوازە تەقلیدییەکە بەردەوامە، هەروەها ئامرازەکانی فێربوونی سەردەم وەك تاقیگەو گەشتی زانستی و هۆڵی کۆمپیوتەریان نییە. **( نازەنین، پۆلی ١١ئامادەیی)یە دەڵێت:" پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستاکاندا خراپ نەبوو بەڵام هەندێکیان هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان زۆر توندوتیژ بوو ، زۆر گرنگییان بە خوێندکار نەدەدا". هەروەها (شاناز، پۆلی ١٢ئامادەیی)یە دەڵێت:" ڕەفتارو گوتەو هەڵسوکەوتیان خۆشو سەرنجڕاکێش نەبوو، وتەو کردارەکانیان هانی خوێندکاریان نەدەدا تا خوێندکار حەز لە خوێندن بکات، وانەکانیان دەوتەوە دەڕۆشتنەوە".**

**هۆکاری بایکۆت:**
هەموو لێتوێژراوان ئاماژەیان بە کاریگەری بایکۆت دەکرد لەسەر ئاستی خوێندن و نوسین و ئاستی زانستی، نارێکخراوی لەشێوازی دەوامکردنی مامۆستا و بایکۆتکۆدنی هەندێکی تر لە مامۆستایان وایکردبوو بەرە بەرە خوێندکارانیش لە خوێندن سارد دەبوونەوەو تاقەتی دەوامکردنیان نەدەما، **(ڕۆژ، پۆلی ١٢ ئامادەیی) دەڵێت: "ناکرێت ساڵێکی خوێندن کە حەوت مانگە بەدوو مانگ خوێندن قەرەبوی بکەیتەوە بەو هەموو باوردۆخەوە و ڕۆژێك دەوام هەبوو ڕۆژێك نەبوو، وانەی زۆرو کویزی ڕۆژانەو تاقیکردنەوە بەدوای یەکدا وشکی و زۆری پرۆگرامەکانی خوێندن، لێکەوتەکانی بایکۆت زۆر قوڵن هەم لەڕووی کەمبوونەوەی پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار و خوێندکارو پرۆگرام و خێزان و خوێندنگە". (ئاراس، پۆلی ١٠ ئامادەیی) دەڵێت: "بەڵێ کاریگەری هەبوو، ڕۆژێك دەوام هەبوو ڕۆژێك نەبوو، مامۆستا بەناچاری پرۆگرام و ئەرکێکی زۆری دەدا بەسەرماندا ئێمەش فریا نەدەکەوتین". هەروەها (دیار، پۆلی ١١ ئامادەیی) دەڵێت: "بەڵێ بایکۆت کاریگەری نەك لەسەر من، بەڵکو لەسەر کۆی پرۆسەی پەروەردەو مامۆستاو خوێندکار داناوە، چونکە ئەگەر لایەنی ئابوری مامۆستا باشبێت ئێمەش نابینە قوربانی و مامۆستاش بەجوانی دەوام دەکات". (شاناز, پۆلی ١٢) دوڵێت: "بایکۆت کاریگەری هەبوو لەسەر خۆم و هاوڕێکانیشم، ساردبوینەوە لەخوێندن و ئاستی زانستی و نمرەشمان دابەزی".**

**هۆکاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی خوێندن دەبێت ئەمەش دەبێتەهۆی دابەزینی ئاستی دەستکەوتە ئەکادیمییەکان و ئەرکە ئەکادیمییەکان، جگە لەوەش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەر ئەدای خوێندکاران هەیە لەتەواوکردنی ئەرکەکانی ماڵەوەدا، چونکە زیاتر سەرنجیان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە نەك ئەرکەکانی خوێندنگە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێکی کەمتر بۆ چالاکییە ئەکادیمییەکان دادەنێن و کاتێکی زۆر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبن.(العفیشات و الصلیبی، وأخرون، ٢٠٢١: ص. ٥٤).
لەچاوپێکەوتن لەگەڵ هەر حەوت لێتوێژراودا ئاماژەیان بەبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکرد بەڕێژەیەکی بەرچاو ، **(ئاراس, پۆلی ١٠ ئامادەیی)دەڵێت:"من زۆرتر سەیری تیکتۆك دەکەم و یاری پۆبجی دەکەم" ،(دیار، پۆلی ١١ئامادەیی)دەڵێت: "شەوانە تادرەنگ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنم و دان بەوەشدا دەنێم کە لەهەموو ڕویەکەوە کاریگەری هەبووە لەسەر خوێندنەکەم و وای لێدەکردم کە فریای ئەرکەکانی مەکتەب نەدەکەوتم". (شاناز, پۆلی ١٢ ئامادیی) دەڵێت: "بەڵێ زۆر بەکارمدەهێناو کاریگەری لەسەر پرۆسەی خوێندنم هەبوو لەڕووی زانستییەوە، من هیچ هەوڵم نەدەدا ئەمەش بوبووە هۆی کەڵەکەبوونی ئەرکەکانم، ئەم خوگرتنەش زیاتر بەهۆی بایکۆتەوە بوو".**

**پاڵپشتی خوێندنگە:**
لەکۆی حەوت لێتوێژراو پێنجیان ئاماژەیان بەوە کردوە کە خوێندنگە هیچ پاڵپشتییەکی تایبەتیان بۆ ئەو خوێندکارانە نەکردووە کە ئاستی زانستییان نزمە لەچەند وانەیەکدا وەك دوبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکان یان شێوازی پرسیار گۆڕین تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە زۆربەی خوێندکاران لەوانەیەکدا کەوتبن ئەمەش مامۆستا لەبەر ڕێژەی دەرچوونی (نسبة النجاح)ی خۆی تاقیکردنەوەکەی دووبارە کردوەتەوە. **(شاناز، پۆلی ١٢ئامادەیی) دەڵێت: "ئەگەر مامۆستا ئەوەی لەبەرچاو بگرتایە و پاڵپشتی بکردینایەو هانیان بدایانیە ئەگەری ئەم هەموو وازهێنانەمان نەدەبوو، جارێك بەڕێوەبەرەکەمان هاتە سەر پۆلەکەمان کەلەتاقیکردنەوە باشنەبوین پێی وتین ئەم پۆلە هەمووی بۆ مەکتەبی ئێواران باشە". (دیار، پۆلی ١١ئامادەیی) دەڵێت:" مامۆستاکان هیچ پاڵپشتییەکیان نەدەکردین، ئەمەش بەهۆی پێنەدانی موچەکانیانەوە، دوای وانە وتنەوە مامۆستاکان خێرا دەچونەوە بۆ ماڵەوە و لەخوێندنگە نەدەمانەوە".**

**لەڕوانگەی تیۆری جۆن دیوی پەیوەست بە وازهێنان لە خوێندنەوە:**

دیوی پێی وایە فێربوون دەبێت لەسەر بنەمای حەزو ئارەزوی خوێندکار بێت نەك خوێندنی بەناچاری و بەزۆر ناردن بۆ خوێندنگە چونکە کاتێك وانەکان بەحەزی خوێندکار بوون هەوڵدان دەبێتە شتێکی خۆڕسك و سروشتی بۆ نمونە وانەی وەرزش و هونەر یەکێکە لەو وانانەی کە زۆربەی خوێندکارەکان حەزی لێدەکەن چونکە وانەیەکی ئارەزوومەندانەیە و وانەکە بەچالاکی دەکرێت ئەمەش خولیای خوێندکار زیاد دەکات بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن، **یەکێك لەلێتوێژراوان دەڵێت پرۆگرامەکانی خوێندن زۆر ناخۆشبوو من نەمتوانی سەرکەوتوو بم هەموو ڕۆژێك هەر سەعیکردن بوو تەنها وانەی وەرزش خۆشبوو ئەمەش وانەیەکی پراکتیکی بوو، هەرچەندە مامۆستا تورە ببوایە دەمانزانی بۆچی تورە دەبێت چونکە بەواقیعی وانەکە فێردەبووین،**هەروەها لەپەیوەندیدا بە پرۆگرامەکانی خوێندن ئەمەش تیۆرەکەی جون دیوی پشت ڕاست دەکاتەوە کەوا زۆربەی پرۆگرامەکانی خوێندن بابەتێکی وشك و تیۆرییە و هیچ چالاکییەکی تێدا نییە، هەروەها هیچ جۆرە پاڵپشتی و هاندانێکی تێدا نییە بۆ بەرەوپێشچونی زانستی خوێندکار ئەمەش فشار لەسەر لایەنی دەروونی خوێندکار دروستدەکات و ناتوانێت پەیوەندی لەگەڵ بابەتەکاندا دروست بکات، ئەمەش ناچاری دەکات واز لە خوێندن بهێنێت. کاتێك خوێندکار دەبینێت ئەو شتانەی لە خوێندنگە فێری دەبێت هیچ قازانجێکی بۆ ژیانی ڕۆژانەی و کێشەکانی ئایندەی نییە، ئەمەش لەگەڵ ئەنجامی یەکێك لەخاڵەکانی چاوپێکەوتنی لێتوێژراواندا هاوڕایە کە خوێندنگەو پرۆگرامەکانی خوێندن ناتوانن تواناو لێهاتویی و مەهارەکانی خوێندکار بدۆزنەوە لەم سیستەمەدا لەپەیوەندیدا بەمەش خوێندکار توشی بێهیوایی و شکستهێنان دەبێت و مانەوە لە خوێندنگە بەو مانایە دێت کە تەنها کات کوشتنەو پێی وایە لەدەرەوەی خوێندن بەئامانجەکانی دەگات و شتی باشتر فێردەبێت. جۆن دیوی لەپەیوەندیدا بە دیموکراسییەوە پێی وایە خوێندنگە بووەتە ناوچەیەکی دابراو لە ژیانی دەرەوە، پەروەردە ئامادەکاری نیە بۆ ژیان بەڵکو پەروەردە خۆی پرۆسەی ژیانە، دیوی پێی وایە ئەگەر مامۆستا خۆی بەدیموکراسی پەروەردە نەکرابێت ناتوانێت دیموکراسی بۆ خوێندکارەکانی برەخسێنی، لەپەیوەندی بەئەنجامی چاوپێکەوتنی خوێندکاران بۆمان ڕووندەبێتەوە کە مامۆستایان ناتوانن کەشێکی دیموکراسی بۆ خوێندکاران دروستبکەن، پەیوەندییەکە تەنها لەسەر بنەمای گوێگرتن و تاقیکردنەوە و نمرەیە هیچ بوارێك بۆ ڕەخنەو ڕادەربرین بۆ خوێندکاران نییە. لەلایەکی دیکەوە جۆن دیوی پێی وایە خوێندنگە و پرۆگرامەکانی خوێندن و سیستمی خوێندن نەیتوانیوە تواناو مەهارەکانی خوێندکار بدۆزنەوە و بیبەستنەوە بەبازاڕی کارەوە بۆ ئەوەی داهاتوی خۆیان لەڕێگەی بازاڕەوە بژێوی ژیانی خۆیان دەستەبەر بکەن، ئەمەش لەگەڵ ئەنجامی یەکێك لەخاڵەکانی چاوپێکەوتنەکانماندا یەکدەگرێتەوە کە لاوازی باری ئابوری خێزان و کەمدەرامەتی هۆکارە بۆ وازهێنان لەخوێندن چونکە خوێندکاران پێیان وایە خوێندنگە هیچ ئومێدێکی بۆ داهاتوویان نابێت.

**خستنەڕووی دەرەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیاری توێژینەوە:**

**دەرەنجامەکانی توێژینەوە:**

**١- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:**

١-١جیابوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی خێزان یان مردنی یەکێك لە دایکو باوك هۆکارێکی کاریگەر بووە بۆ وازهێنان لە خوێندن.

١-٢ هاوسەرگیری پێشوەختە ڕۆڵی هەبووە لەسەر وازهێنانی خوێندکار لەخوێندن.

١-٣ تێڕوانینی دانیشتووانی هەڵەبجە بۆ خویندن لەئاستێکی بەرزدایە، کەسانی خاوەن بڕوانامە پێگەیەکی گرنگیکۆمەڵایەتیان هەیە.

**٢-هۆکارە ئابورییەکان:**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٢-١هۆكارە ئابورییەكان ڕۆڵێكی بەرچاوو كاریگەری لەسەر وازهێنان لەخوێندن هەیە، ئەویش بە هۆی ئەو قەیرانە ئابوری و سیاسییەی كە ماوەی زیاتر لە دەساڵە بەرۆكی هەرێمی كوردستانی گرتووە.

٢-٢ بێ ئومێد بوون لەداهاتووی خوێندن و نەمانی بەهای خوێندن لای ئەو خوێندكارانەی كەوازیانهێناوە هۆكارێكی دیكەی وازهێنانە لە خوێندن. پاشان دانەمەزراندن و نەبوونی هەلی كار بۆ خوشكوبراكانیان كەخوێندنیان تەواوكردووە بووەتە هۆكاری بێ ئومێدبوونیان لەتەواوكردنی خوێندن.

٣-٢ بایكۆت هۆكارێكی دیكەی وازهێنان بووە لەخوێندن لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ ساردبوونەوەی خوێندكاران لە خوێندن و حەزیان لە خویندن نەماوە چونكە زۆری وانەو بابەتەكان بەشێوەیەكی ئەكادیمیی و زانستی نەدەخوێنرا بەهۆی زۆری ژمارەی ڕۆژەكانی بایكۆتەوە.

**٣-هۆكارە پەروەردەییەكان:**

٣-١- كەمی هۆشیاری خێزان و نەبوونی چاودێری ورد لە ماڵەوە بۆ ئەركەكانی خوێندكار و نزمی ئاستی خوێندەواری دایك و باوك كەڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕێت لەتەواوكردنی پرۆسەی خویندن هۆكارە بۆ ئەوەی خوێندكار وازلە خوێندن بهێنێت.

٣-٢ لەگەڵ بوونی بایكۆت و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی كۆرۆنا هۆكار بوو بۆ دوركەوتنەوەی خوێندكار لەخویندنگەو بەردەوام سەرقاڵبونیان بەتۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە، هەروەها نەبوونی ئامادەكاری پێشوەختە بۆ خویندنی ئۆنلاین كەئەمە تاڕادەیەك دەیتوانی پابەندبوونی خوێندكار بەو سیستمە تەكنەلۆجییەوە ببەستێتەوە لەكاتێكدا وەزارەتی پەروەردە پەیجی (ئێ وانە پەروەردە)ی دانا ئەمەش بابەتەكان بە تۆماركراوی دادەنا و خوێندكاری ناچار نەدەكرد كەوانەكان لە ماڵەوە بخوێنن، نزمی ئاستی خوێندەواری خێزانەكانیش هاوكار نەبوون بۆ تەواوكردنی وانەكان، ئەمەش جۆرێك لەساردبوونەوە و دابڕانی زۆری دروستكرد.

٣-٣ زۆر بەكارهێنانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لای خویندكاران بەتایبەت لەشەواندا تا درەنگانێك ئەمەش كاریگەری لەسەر سیستمی خەوتنی پێویست بۆ جەستەو مێشك و دەروونی خوێندكار هەیە هەموو ئەمانەش هۆكارن بۆ ئەوەی كە نەتوانن ئەركە ئەكادیمییەكانی خوێندنگە جێبەجێ بكەن و تا وای لێ دێت ئاستە ئەكادیمییەكەی دابەزێت و لەكۆتایدا دەبێتە هۆی وازهێنان لە خوێندن.

٣-٤ شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستا هۆكارێكی دیكەی وازهێنانە لە خویندن ئەمەش بەهۆی شێوازی تەقلیدی وانە وتنەوەی مامۆستاو نەبوونی پێداویستییە سەردەمییەكان، هەروەها زۆری و قورسی پرۆگرامەكانی خویندن و ئیجبار كردنی تەواوكردنی بابەتەكان و پاشان گرنگی نەدان بە بابەتە پراكتیكییەكانی وەك وەرزش و هونەر كەتەنها یەك وانەیان بۆ دانراوە لەهەفتەیەكدا و گرنگینەدان بەبەهرەی خوێندكاران لەدەرەوەی وانەكان ئەمەش هۆكارێكی دیكەی وازهینانە لەخویندن كە وایكردووە خوێندكاران زۆر وەڕەس و ماندوو بن لەخوێندن.

٣-٥ زۆری پرۆگرامەكانی خوێندن و پێدانی ئەركی زۆر بۆ ماڵەوە پاڵنەر بووە بۆ وازهێنانی خوێندكار لەخوێندن.

٣-٦ نەبوونی پاڵپشتی و هەماهەنگی نێوان خێزانی خوێندكارو خوێندنگە ڕۆڵی هەبووە لەسەر وازهێنانی خوێندكار لەخوێندن، هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لێپرسینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەركە ئەكادیمییەكانی خوێندكار لە ماڵەوە و لەخوێندنگە نەكراوە و وردە وردە ئاستە ئەكادیمییەكەی دابەزیوە تا گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی واز لەخویند بهێنێت.

**پێشنیاز:**

وازهێنان لە خویندن یەكێكە لەكیشە سەرەكییەكانی سیستمی پەروەردە كە كاریگەری قوڵ و نەرێنی لەسەر گەشەسەندنی ئابوری و كۆمەڵایەتی و كلتوری هەیە بەگەیشتن بەدەرئەنجامەكانی توێژینەوە پێشنیار دەكەم كە:

١- بۆ وەزارەتی پەروەردە کەئاسانکاری تەواو بکەن بە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خوێندکارانەی کەوازیان لە خویندن هیناوە ئەویش بە ئاسانکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن وکەمکردنەوەیان.
٢- بۆ وەزارەتی کارو باری کۆمەڵایەتی: دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و دارایی بۆ ئەو خێزانانەی کە بەهۆی لاوازی باری ئابورییەوە وازیان لە خویندن هێناوە و هەروەها دابینکردنی بڕێك لەداهات بۆ خودی خوێندکارەکە تاوەکو هاندەر بێت بۆ گەڕانەوە بۆ خوێندن.
٣- کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ خێزانی ئەو خویندکارانەی کە وازیان لەخویندن هێناوە و گرنگی و بەهای خوێندنیان لا پیرۆز بکرێت، ئەمەش بەهەماهەنگی نێوان وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە.
٤- دروستکردنی باڵەخانەی نوێی خوێندن گەلەگەڵ ستاندارده پەرەردەییە جیهانییەکان بگونجێت، هەروەها کەمکردنەوەی ژمارەی خویندکار لەپۆلەکاندا.

**ڕاسپاردە:**

لەڕوانگەی گەیشتن بەو ئەنجامانەی توێژینەوەکەوە چەند ڕاسپاردەیەك بەئەنجامدانی توێژینەوەی لەسەر لایەنەکانی دیکەی ئەم دیاردەیە وەك:
١-کاریگەری وازهێنان لە خویندن لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری.
٢-کاریگەری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی بەڕێژەی وازهێنان لە خویندن.

پاشکۆی (١)

نمونەی چاوپێکەوتنی (ڕۆژ)

ڕەگەز: نێر
تەمەن: ٢٠٠٥
لەپۆلی چەند وازت لەخوێندن هێناوە: ١٢
ئاستی خوێندنی دایك: ماستەر
ئاستی خوێندنی باوك : ماستەر
بەرواری چاوپێکەوتن: ٢٠١٥/١٢/٦
ماوەی چاوپێکەوتن: ٤٥ خولەك

**پەیوەندیت لەگەڵ مامۆستاکاندا چۆن بوو؟ تێڕوانینت بەرامبەر شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستایان و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مامۆستایان چۆن بوو؟ متمانەت بە مامۆستاکان هەبوو؟ زۆری پرۆگرامەکانی خوێندن هۆکار بوو بۆ وازهێنان لەخوێندن؟ چۆن؟**

پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستاکاندا باش نەبوو، ئەویش بەهۆی ئاستی هۆشیاری مامۆستاکانەوە بوو، بێزاربووم لەڕەفتارو هەڵسوکەوتی مامۆستاکان، لەبەر ئەوەی زۆر توندوتیژو بێ ئەتەکێتانە ڕەفتاریان دەکرد لەچاوپێگەو ئاستی خۆیاندا، هیچ کات متمانەم بە مامۆستاکان نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەرکێك لەبەرامبەر خۆیدا جێگەی ڕێزە ، هەرگیز بێ ڕێزیم بەرامبەر مامۆستا نەکردوە جگە لە دەربڕین و داواکردنی مافی خۆم، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازو هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مامۆستا هۆکار بوە بۆ وازهێنان لەخوێندنم، زۆر بە نائەخلاقانە ڕەفتارو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردم، کەسایەتی مامۆستاکان زۆر ناشیرین بووبوون لەبەرچاوم، زۆری پرۆگرامەکانی خوێندن سەرباری بوونی کێشەی نێوان من و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مامۆستا بێزاری کردبووم، چونکە توانای مرۆڤ سنوردارە، مامۆستا بەردەوام هەر قسە دەکات و خوێندکاریش دەبێت هەر گوێگرێت، کاتێکیش پرسیارێك دەکەیت دەڵێن لەبابەتەکە دوور دەکەویتەوە، ئیتر ڕێگەی پرسیار کردنت لێدەگرن، تەنها شت لەبەردەکەیت بۆ ئەوەی نمرە بهێنیت و مێشکت دەوەستێنن، فێربوون چیە تەنها لەسەر کتێبێك دەیخوێنیت و دواتر دەیخەیتە سەر پارچەیەك وەرەقە، وەکو ئەوە وایە لەم ژوور بچیت بۆ ئەو ژوور، خوێندکار هەرگیز

كەمتوانا نییە، بەڵکو ئەوە سیستمی خوێندن و شێوازی وانەوتنەوەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مامۆستا وا لەخوێندکار دەکات کەمتوانابێت، ئەوە سیستمەکەو مامۆستاکانە کە دوانزە ساڵ دەخوێنیت ناتوانن تواناو مەهارەو لێهاتوییەکانی خوێندکار بدۆزنەوە لەپیشەیەکدا، نەوەك پێتبڵێن تۆ بۆ خوێندن نەکراوی، من کە وازم لەخوێندن هێنا ڕاستە من خاوەن بڕوانامە نیم بەڵام کەسێکی خوێندەوارم ئێستا پێنج زمان دەزانم و لە کۆنسوڵخانە ئیشدەکەم و شارەزاییەکی باشی کۆمپیوتەرم، تەنها خاوەن بڕوانامە نیم.

**خوێندنگە هیچ پاڵپشتییەکی تایبەتی بۆ ئەو خوێندکارانە دەرکردووە کە ئاستیان لاواز بوو لەهەندێك بابەتدا ؟چۆن؟**

خوێندنگەو مامۆستا هیچ پاڵپشتی خوێندکار ناکەن و توانای زانستی و ڕەفتاری مامۆستاکانیش زۆر لەتوانای خۆیان کەمتریان کردووە، تەنها تەواوکردنی پرۆگرامەکانە، ئیتر پەروەردەو فێرکردن کرداری و عەمەلی نین، لەگەڵ ئەوەشدا هێندە خوێندکار دەشکێننەوە، کاتێك خوێندکارێك لەبابەتێکدا وانەکان بەباشی نازانێت پێی دەڵێن تۆ بۆ ئەوە نەکراوی بخوێنی بەڵکو تۆ بۆ بازاڕ کراوی، بەتوانجەوە ئەو قسەیە دەکات، ئەوە پاڵپشتیەکەی مامۆستایە بۆ خوێندکار، هەستناکەم لەناو خوێندنگەدام بەڵکو واهەستەکەم لە ناو سەربازگەدام، چونکە بەردەوام چاودێریت دەکەن وەك سجن، مامۆستاکانم بەرئەنجامی کلتوری ڕژێم جیبەجێ دەکەن، خێزانەکەشم دەڵێن بەمامۆستا گۆشتەکەی بۆ تۆ ئیسقانەکەی بۆ ئێمەە، ئەمەش کلتوری خێزانیەکەمان،

**پەیوەندیت لەگەڵ خێزانەکەتدا چۆن بوو؟**

پەیوەندیم لەگەڵ خێزانەکەمدا باشە، خێزان هەمیشە حەزدەکات منداڵەکەیان لەخۆیان باشتر بن، چونکە دایکوباوکم خۆیان ئەزموونی خۆیانیان هەیە، بۆیە هەمیشە پاڵپشتی منیان کرددوە، هەرچەندە زۆر نارازی بوون کە من وازم لەخوێندن هێناوە، خێزانەکەشم خۆیان خاوەنی بڕوانامەی بەرزن، پێیان دەوتم چیت پێویستە بابۆت بکەین بەڵام من هاندانەکەیانم بەدڵسۆزی نەدەبینی، چونکە من ڕەفتارو هەڵسوکەوتی مامۆستا بێزاری کردبووم و دەربڕینەکانیان زۆر ناخۆشبوو.

**دۆخی ئابوری خێزانەکەت چۆن بوو؟ پێویستی بەکارکردنی تۆ هەبوو بۆ ئەوەی واز لەخوێندن بهێنیت؟**

خێزانەکەم هیچ پێویستییان لەهاوکاری من نەبوو، هاوکاریشم نەکردوون بەڵام من خۆم کارمەدەکردوو، حەزم لەکارکردن بوو لەگەڵ خوێندنەکەمدا، چونکە من کارەکەم لەگەڵ خوێندنەکەمدا گونجاندبوو، لەوانەکانیشدا خراپ نەبووم، هیچ ساڵێکیش لە خوێندن نەمابومەوە.

**بایکۆت هۆکار بووە بۆ وازهێنا لەخوێندن؟ چۆن؟**

بایکۆتیش بێ کاریگەر نەبووە لەسەر ساردبوونەوەی خوێندکار لەخوێندن، نەك تەنها بۆ من بەڵکو ڕۆڵێکی زۆر نەرێنی گێڕا لەوازهێنانی خوێندکار لەخوێندن، لەڕووی دەروونییەوە خوێندکار بەردەوام قەلەق و سترێس بوون، لەڕووی کۆمەڵایەتی و خێزانیەوە بێ کاریگەر نەبووە، بۆ نمونە دایکو ئەترسان لە لەدەستچوونی ساڵی خوێندن، لەڕووی پەروەردەییەوە نەوەیەکی زۆر لاواز و ئاست نزم لەڕووی خوێندن و نوسینەوە، هەروەها تەواو کردنی پرۆگرامەکانیش دوای بایکۆت بەشێوەیەکی پەلەپەل، ئەمەش خوێندکاری بێتاقەت کردبوو حەزی لەخوێندن نەمابوو، پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستاو خوێندکار و خێزان و خوێندنگەش بەتەواوی لاواز بوو، لەڕووی ئابوریشەوە خێزانەکان و خوێندکاریش هیچ داهاتێکیان نەبوو، هەر ئەمەش بەتەواوی کاریگەری لەسەر مامۆستاکانیش کردبوو، نەیاندەتوانی بەئاسوودەیی وانەکان بڵێنەوە، هەروەها بایکۆت وایکرد خوێندکار زیاتر خوو بەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرێت، بوونی بایکۆت ئەو بۆشاییە گەورەی دروستکردو ئەو بۆشاییەی بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕکردەوە، لێکەوتەکانی بایکۆت زۆر قوڵن هەم لەڕووی کەمبوونەوەی پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار و خوێندکارو پرۆگرام و خێزان و خوێندنگە.

**وازهێنان لە خویندن پەیوەندی بەنەمانی بەهای خوێندنەوە هەیە ؟چۆن؟**

خوێندن هەمیشە بەهای هەیە لەهەرشوێن و سەردەمێك بێت، خوێندن هەرگیز بەهای لەدەست نادات و دەتوانێت بەهاکەی هەر بمێنێت ئەوە کولتووره وایکردوە خوێندن نەبێتەهۆی هۆشیاری کۆمەڵگا وەکوسیستمی خوێندن نەك خوێندنەکە خۆی، وەرگرتنی خوێندکار لە بەشە سەربازی و ئەمنییەکاندا بەبێ بڕوانامەو خوێندن وایکردووە کە بەهای خوێندن لای خوێندکار کەمبێتەوە، هەروەها موچەو پارە لای هێزە ئەمنییەکان زۆر زیاترە بەبەراورد بە دامەزراوە مەدەنییەکان، تەنانەت من ڕقم لەوکەسانە دەبێتەوە کە زۆرجار خوێندکار دەبینێت سەعی دەکات ئەو ساردی دەکاتەوە لەخویندن و پێی دەڵێن خۆ خوێندن ئەو بەهایەی نەماوە و دامەزراندن نییەو خوێندکارەکە سارد دەکاتەوە، لەکاتێکدا دەبینین ئەو خوێندکارە خەریکی خوێندنەو زۆر بێزارم لەو ڕەفتارانەی لەناو خێزان و میواندا دەیبینم ، چونکە خوێندن هەمیشە بەهای هەیە.

پاشکۆی (٢)

زانیاری لێتوێژراوان بەبەکارهێنانی ناوی خوازراو

| ژ | نمونە | ڕەگەز | ئاستی خوێندن | بەرواری لەدایکبون |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاراس | نێر | ١٠ی ئامادەیی | ٢٠٠٢ |
| ٢ | هاوناز | مێ | ١٠ی ئامادەیی | ٢٠٠٣ |
| ٣ | نازەنین | مێ | ١١ی ئامادەیی | ٢٠٠٢ |
| ٤ | دیار | نێر | ١١ی ئامادەیی | ٢٠٠٥ |
| ٥ | محمد | نێر | ١٢ی ئامادەیی | ٢٠٠٢ |
| ٦ | ڕۆژ | نێر | ١٢ی ئامادەیی | ٢٠٠٥ |
| ٧ | شاناز | مێ | ١٢ی ئامادەیی | ٢٠٠٢ |

**سەرچاوەکان:**

١- باداوەیی، سەردارعوسمان، مجید، عامر عبداللە، (٢٠١١)، ڕێگاکانی توێژینەوەی زانستی، چ ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٢- بۆکانی، صابر بکر، (٢٠١٦)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٣- سعید، محمد سعید، (٢٠٢٠)، هۆکارەکانی وازهێنان لەخوێندن و پەیوەندی بەجۆری کۆمەڵایەتییەوە، نامەی ماستەر، هەولێر.

٤- جاف، صباح علی، (٢٠١١)، پەروەردەو فێربوون و گرفتو گۆڕان، بێ شوێنی چاپ،

٥- عبدوڵا، چنار، (٢٠١٠)، پەروەردەو نەتەوایەتی، چ ١، چاپخانەی ئاراس، خەولێر.

٦- عەزیز، کریم احمد، (٢٠١٩)، پرۆگرامی پەروەردەیی، چ ١، چاپخانەی نارین، هەولێر.

٧- کەوە، فریشتە، (٢٠٠٨)، کارەساتی هەڵەبجە، چ١، چاپحانەی بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٨- قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین، (٢٠١٨)، ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چ ٢، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆفیا، هەولێر.

٩- میکە، هەردی مەهدی، (٢٠١٢)، پەروەردەو کارتێکەرەکانی، (ئایین. جوانی. دیموکراسی)، چ ٢، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، سلێمانی.

١٠- أحمد، مصطفی حمدي, هلال، عبد السمیع, وأخرون، (٢٠١٩), دراسة اجتماعیة الظاهرة الزواج المبكر بریف محافظة أسیوط, مجلة أسیوط للعلوم الزراعیة, المجلد ٢, العدد ٥٠, مصر.

١١- أماني, العلمي, العوبي خلود, (٢٠٢٢), التسرب المدرسي عند المراهقین أسبابه وطرق علاجه, رسالة ماجستیر.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

١٢- العفيشات، نسرين عبد الحفيظ, الصليبي, سراء عبد الحليم, وأخرون, (٢٠٢١), أثر ممارسة الألعاب الألكترونية في زيادة التسرب المدرسي لدى طلبة المرحلة الأساسية في الأردن من وجهة نظر معلميهم, مجلة كلية التربية للبنات, مجلد ٣٢, عدد ٤, جامعة العراق, بغداد.
١٣- العزاوي, رحيم يزنس كرو, (٢٠٠٨), مقدمة في المنهج البحث العلمي, ط ١, دار دجلة, عمان, الأردن.
١٤- بالطاهر, النوي, غرغوط عاتكة, (٢٠١٨), مساهمة المعلم الكفء في التقليل من ظاهرة التسرب المدرسي لدى التلميذ, مجلة دراسات والبحوث الأجتماعية, جامعة الشهيد حمة لخضر- الوادي, العدد ٢٨, جزائر.
١٥- بهادر, سعدية محمد, (١٩٨٤), دليل الأباء والمعلمين في مواجهة المشكلات اليومية للأطفال والمراهقين, ط ٢.
١٦- جرادات, عزت, عبيدات, ذوقان, وأخرون, (٢٠٠٨), أسس التربية, ط ١, دار صفاء للنشر والتوزيع, عمان.
١٧- حجازي, مصطفي, (٢٠٠٧), علم النفس والعولمة رؤية المستقبلية في التربية واتنمية, ط ٢, شركة مطبوعات للتوزيع والنشر, لبنان.
١٨- الحديدي, فائز محمد, (٢٠٠٧), ثقافة تربوية التربية مباديء وأصول, ط ١, دار أسامة للنشر , الأردن.
١٩- حسين, رشا محمود, غزال, عبدالفتاح علي, (٢٠١٣), الفوبيا المدرسي, بدون مكان الطبع, دار الطبع, الجامعة الجديدة الأسكندرية.
٢٠- حسن، لينا، بدون سنة، علم الأجتماع التربوي, بدون الرقم الطبعة, بدون مكان الطبع.
٢١- خضر, ريماء, خالد, سعاد محمد, (٢٠٠٧), صعوبات التعلم, ط ١, دارالبداية ناشرون وموزوعون, عمان.
٢٢- خنين, ايمان, (٢٠١٧-٢٠١٨), الأدارة المدرسية والتسرب المدرسي- رسالة ماجستير, جامعة غاردايا.
٢٣- دهيم, هشام عطية السيد, (٢٠١٨), التفكك الأسري وعلاقته بالتسرب الدراسي لدى طلاب مرحلة التعليم الأساسي من وجهة نظر الأخصائيين الأجتماعيين, مجلة تطوير الأداء الجامعي, المجلد ٧, العدد ٢.
٢٤- ديوي, جون, (١٩٧٨), المدرسة والمجتمع, ت: احمد حسن الرحيم, مراجعة محمد ناصر, ط ٢, منشورات دار مكتبة الحياة, بيروت. لبنان.
٢٥- ذهبية, عبلاوي, (٢٠١٩-٢٠٢٠), العوامل السوسيو الأقتصادية المؤثرة التسرب المدرسي التلاميذ المرحلة المتوسط, رسالة ماجستير, جامعة احمد دراية, ادرار, الجزائر.
٢٦- ربيع, هادي مشعان, الغول, اسماعيل محمد, (٢٠١٢), ڕێبەری پەروەردەیی ڕۆڵی کارای لەچارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندکاران، و: ئەرکان بیبانی، چ ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٢٧- سعيد، سويلم جوده، (٢٠١٦)، الهدر الأقتصادي النتائج عن تسرب الفتيات من التعليم في مصر وسبل مواجهتة, "رؤية استشراقية", مجلة شمعة, دار المنظومة, مجلد ١, العدد٥, جيزة, مصر.
٢٨- شيباني, عمر محمد التومي, (١٩٧١), بدون طبعة, دار الثقافة, بيروت, لبنان.
٢٩- صالح, عامر, العراق, ٢٠١٧/٦/٨, حول التسرب المدرسي: الأهمية والأسباب والحلول, موقع الصفصاف, ( http://www.al-safsaf.com).
٣٠- طريخ, عبد الحسين محمود, (٢٠١٣), التسرب من المدرسة وعلاقته بجنوح الأحداث في محافظة ديالى, مجلة يرموك, عيراق.

٣١- عباس, عمر وفاخر محمد, (٢٠٢٠), مشكلات التسرب الدراسي الناتجة عن صعوبات التعليم, مجلة كلية الخدمة الأجتماعية للدراسات والبحوث الأجتماعية, جامعة الفيوم, المجلد ١٨, العدد ١٨.
٣٢- عمار, بن أشواق, لوحيدي, فوزي وأخرون, (٢٠٢٠), العوامل المدرسية التي تؤدي الى التسرب المدرسي في ظل تكنولوجيا المعلومات والأتصالات, مجلة شامل للعلوم التربوية واللأجتماعية, المجلد ٣, العدد ٢.
٣٣- الفاخري, سالم عبدالله سعيد, (٢٠١٨), التحصيل الدراسي, ط ١, مركز الكتاب الأكاديمي, عمان.
٣٤- قحوان, محمد قاسم علي, (٢٠١٢), التسرب في المدارس الأساسية وعلاقته بخصائص المجتمع وأنشطة, ط ١, دار عداء للنشر والتوزيع, عمان.
٣٥- كريم, ههتاو, (٢٠٠٨), ظاهرة العنف الأسري, ط ١, طبع في مديرية مطبعة الثقافة- أربيل.
٣٦- كريم، ايمان عبدالعزيز، (٢٠٢٥) تداعيات التسرب المدرسي على المجتمع, مجلة دجلة للعلوم الأنسانية, جامعة الأنبار, المجلد ١, العدد ١, العيراق.
٣٧- مروان, أمل, علي, حسين, (٢٠٢٢), واقع التسرب المدرسي الألكتروني في الأردن, رسالة ماجستير, جامعة شرق الأوسط, عمان, الأردن.
٣٨- مصطفي, منصور, ابراهيم الذهبي, (٢٠١٤), دور الأدارة المدرسية في الحد من ظاهرة التسرب المدرسي, مجلة دراسات والبحوث الأجتماعية- جامعة الوادي, المجلد ٢, العدد ٢, الجزائر.
٣٩- منصور, مصطفى, (٢٠٢٢), أهمية الأرشاد التربوي في التخفيف من ظاهرة الهدر التعليمي, مجلة الشامل للعلوم التربوية والأجتماعية, المجلد ٠٥, العدد ٠٢, الجزائر.
٤٠- مورسي, محمد, (٢٠١٦), التوجه والأرشاد النفسي والسلوكي للطلاب, ط ١, دار دجلة, الأردن.
٤١- الناصر, عبدالله سهو, (٢٠١٤), التسرب من التعليم الطريق المفتوح نحو عمل الأطفال, بدون طبعة, عمان, الأردن.
٤٢- نضرالله, عمر عبدالرحيم, (٢٠١٠), تدني مستوى التحصيل والأنجاز المدرسي, ط ٢. دار وائل للنشر والتوزيع, عمان, الأردن.
٤٣- نقاز, سيد احمد, (٢٠١٥), ظاهر التسرب المدرسي في المؤسسة التربوية الجزائرية, رسالة ماجستير, الجزائر.
٤٤- همشري, عمر احمد, (٢٠١٣), التنشئة الأجتماعية للطفل, ط ٢, دار صفاء للنشر والتوزيع, عمان.

**Sources:**

**1-** Badawayi ,Sardar Osman, Majid, Amer Abdullah, (2011(, Methods of Scientific Research ,Vol. 2, Shahab Printing House, Erbil.(

**2-** Bokani ,Saber Bakr, (2016), Scientific Research Method, Vol. 1, Chawarchra Printing House, Sulaimani.

**3-** Saeed ,Mohammed Saeed, (2020), Reasons for dropping out of school and social relationships, Master's thesis, Erbil.

**4-** Jaf ,Sabah Ali, (2011), Education, Learning and Problems and Change, No Place of Printing,

**5-** Abdullah ,Chenar, (2010), Education and Nationality, Vol. 1, Aras Printing House, Erbil.

**6-** Aziz ,Karim Ahmad, (2019), Educational Program, Vol. 1, Narin Printing House, Erbil.

**7-** Kawa, Frishta, (2008 ,(Halabja Tragedy, Vol. 1, Aras Publishing House, Erbil.

**8-** Qadir ,Ramazan Hamademin, (2018), Teaching Methods, Vol. 2, Sofia Library Publications, Erbil.

**9-** Mika ,Hardi Mahdi, (2012), Education and its Impacts, (Religion. Beauty. Democracy ,(Vol. 2, Shahid Azad Hawrami Printing House, Sulaimani.

10- Ahmed ,Mustafa Hamdi Y ,Hilal ,Abdel-Samie, and others, (2019), A sociological study of the phenomenon of early marriage in the rural areas of Assiut Governorate .Assiut Journal of Agricultural Sciences, Volume 2, Issue 50, Egypt.

**11-** Aman Y., Al-Alami, Al-Awmi Khuloud, (2022), School dropout among adolescents: its causes and methods of treatment, Master's thesis.

12- Al-Afeshat, Nasreen Abdul Hafeez, Al-Sulaibi, Saraa Abdul Halim, and others, (2021), The effect of playing electronic games on increasing school dropout rates among primary school students in Jordan from the perspective of their teachers, Journal of the College of Education for Girls, Volume 32, Issue 4, University of Iraq, Baghdad.

**13-** Al-Azzawi ,Rahim Yazans Krou, (2008), Introduction to Scientific Research Methodology, 1st ed., Dar Dijla, Amman, Jordan.

**14-** Baltahir ,Noui, Gharghout Atika, (2018), The contribution of the competent teacher to reducing the phenomenon of school dropout among students, Journal of Social Studies and Research, University of Shahid Hamma Lakhdar - El Oued, Issue 28 ,Algeria.

**15-** Bahader ,Saadia Muhammad, (1984), A Guide for Parents and Teachers in Dealing with the Daily Problems of Children and Adolescents, 2nd ed.

**16-** Jaradat ,Izzat, Ubaidat, Thawqan, and others, (2008), Foundations of Education, 1st ed ,.Dar Safaa for Publishing and Distribution, Amman.

**17-** Hijazi ,Mustafa, (2007), Psychology and Globalization: A Future Vision in Education and Development, 2nd ed., Publications Distribution and Publishing Company ,Lebanon.

**18-** Al-Hadidi ,Faiz Muhammad, (2007), Educational Culture: Principles and Foundations of Education, 1st ed., Osama Publishing House, Jordan.

**19-** Hussein ,Rasha Mahmoud, Ghazal, Abdel Fattah Ali, (2013), School Phobia, No place of publication, Publisher: New University Alexandria.

**20-** Hassan ,Lina, no year, Educational Sociology , no edition number, no place of publication.

**21-** Khader ,Rima, Khaled, Suad Muhammad, (2007), Learning Difficulties, 1st ed., Dar Al-Bidaya Publishers and Distributors, Amman.

**22-** Khnein ,Iman, (2017-2018), School Administration and School Dropout - Master's Thesis ,University of Ghardaia.

**23-** Dahim ,Hisham Attia El-Sayed, (2018), Family disintegration and its relationship to school dropout among basic education students from the perspective of social workers, Journal of University Performance Development, Volume 7, Issue 2.

**24-** Dewey ,June, (1978), School and Society, T: Ahmed Hassan al-Rahim, Reference Mohammed Nasser, Vol. 2, Publications of the Life Library, Beirut. Lebanon.

**25-** Zahabiya ,Ablawi, (2019-2020), Socio-Economic Factors of Intermediate Stage Comprehensive Education, Master's Thesis, Ahmad Dara University, Administration, Algeria.

**26-** Rabi ,Hadi Mash'an, Al-Ghoul, Ismail Mohammed, (2012 ,(Educational Guide and the Effective Role in Solving Students' Problems, and: Arkan Bibani, Vol. 1, Shvan Printing House ,Sulaimani.

**27-** Saeed ,Suwailim Judeh, (2016), The economic waste resulting from girls dropping out of education in Egypt and ways to confront it, “ An Orientalist Perspective ” , Shamaa Magazine, Dar Al-Manzuma, Volume 1, Issue 5, Giza, Egypt.

**28-** Shibani ,Omar Muhammad Al-Toumi, (1971), no edition, Dar Al-Thaqafa, Beirut, Lebanon.

**29-** Saleh ,Amer, Iraq, 8/6/2017, On School Dropout: Importance, Causes and Solutions ,Al-Safsaf Website ) ,http://www.al-safsaf.com .(

**30-** Tarikh ,Abdul Hussein Mahmoud, (2013), School dropout and its relationship to juvenile delinquency in Diyala Governorate, Yarmouk Magazine, Iraq.

**31-** Abbas ,Omar and Fakher Muhammad, (2020), Problems of school dropout resulting from learning difficulties, Journal of the Faculty of Social Work for Social Studies and Research, Fayoum University, Volume 18 ,Issue 18.

**32-** Ammar ,Ben Ashwaq, Louhidi, Fawzi and others, (2020), School factors that lead to school dropout in light of information and communication technology ,Comprehensive Journal of Educational and Social Sciences, Volume 3, Issue 2.

**33-** Al-Fakhri ,Salem Abdullah Saeed, (2018), Academic Achievement, 1st ed., Academic Book Center, Amman.

**34-** Qahwan ,Muhammad Qasim Ali, (2012), Dropout in primary schools and its relationship to the characteristics of society and activities, 1st ed., Dar Adaa for Publishing and Distribution, Amman.

**35-** Karim ,Hataw, (2008), The Phenomenon of Domestic Violence, 1st ed., printed at the Directorate of Culture Printing - Erbil.

**36-** Karim ,Iman Abdul Aziz, (2025) The repercussions of school dropout on society, Dijlah Journal of Human Sciences, University of Anbar, Volume 1, Issue 1, Iraq.

**37-** Marwan ,Amal, Ali, Hussein, (2022), The Reality of Electronic School Dropout in Jordan ,Master's Thesis, Middle East University, Amman, Jordan.

**38-** Mustafa ,Mansour, Ibrahim Al-Dhahabi, (2014), The role of school administration in reducing the phenomenon of school dropout, Journal of Social Studies and Research - University of El Oued, Volume 2, Issue 2, Algeria.

**39-** Mansour ,Mustafa, (2022), The importance of educational guidance in reducing the phenomenon of educational waste, Al-Shamel Journal of Educational and Social Sciences, Volume 05, Issue 02, Algeria.

**40-** Morsi ,Muhammad, (2016), Psychological and Behavioral Orientation and Guidance for Students, 1st ed., Dar Dijla, Jordan.

**41-** Al-Nasser ,Abdullah Saho, (2014), Dropping out of education: The open road to child labor ,no edition, Amman, Jordan.

**42-** Naderallah ,Omar Abdul Rahim, (2010), The decline in the level of school achievement and performance, 2nd ed. Dar Wael for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

**43-** Naqqaz ,Sayed Ahmed, (2015), The Phenomenon of School Dropout in the Algerian Educational Institution, Master's Thesis, Algeria.

**44-** Hamshari ,Omar Ahmed, (2013), The Socialization of the Child, 2nd ed., Dar Safaa for Publishing and Distribution, Amman.